
# ئەمان و ئەوان

غوڵامحوسەین ساعیدی

وەرگێڕ: مەسعوود تەهازادە



خوێنەری هێژا؛

ئەم بەرهەمە[١] و شانۆنامەیەکی دیکە لە نووسەری ئێرانی غوڵامحوسەین ساعیدی (کوتەکبەدەستەکانی وەرەزیل)، بڕیار بوو بە شێوەی چاپی و لە توێی دوو کتێبدا بڵاو بکرێنەوە؛ بەڵام بە هۆی بارودۆخی نالەباری بواری چاپ و بڵاوکردنەوە، پەتای کۆرۆنا و ڕەوشی کۆمەڵگە و ئەوەی کە هیچ چاوەڕوانییەک ناکرێ کەی بەرەو باشبوون بڕوا، بڕیار درا بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی (پە.دی.ئێف) و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو بکرێنەوە تا بگەنە بەردەستی خوێنەر.

تکایە ئەگەر ئەم کتێبە دەخوێننەوە، وەک وەڵامێک بۆ هەوڵ و کاتی تەرخانکراو، بە دڵخوازی خۆتان و چەندەتان لا گونجاو بوو، پووڵێک بخەنە سەر حیسابی بنکە، لایەن یا ڕێکخراوەیەکی خێرخوازیی گشتی یا لایەن و ڕێکخراوەکانی یارمەتیدەری نەخۆش و لێقەوماوان.

لەگەڵ ڕێز، مەسعوود تەهازادە

---

١. ئەم شانۆنامەیە لە فارسیدا بە ناو «آی بی‌کلاه، آی باکلاه» بڵاو کراوەتەوە و مەبەست لەمەش دوو پیتی «ئەلف»ی سەرەتای «آمریکایی» و «انگلیسی»یە کە یەکەمی کڵاوێکی لە سەرە و ئەوی دیکە، بێکڵاوە. چون ئەم پیتە لە کوردیدا نییە و وەرگێڕانی وەک خۆی ناڕوون دەبوو، وەرگێڕ بڕیاڕی داوە بە ناوێکی دیکە (ئەمان و ئەوان) کە هەم نزیکە لە مەبەست و هەم واتای فارسییەکەی دەبێتە «اینها و آنها»، کە کڵاودار و بێکڵاون، بڵاوی بکاتەوە.

**کەسایەتییەکان:**

- پیرەپیاو
- کچ
- پیاو
- دوکتۆر
- مکانیک
- دایکی مکانیک
- خزمەتگوزاری قوتابخانە
- پیاوی سەر باڵکۆن
- شۆفیر
- هەواڵنێر
- پۆلیس
- پاسەوان
- پیرەژن
- دەستەیەک چەتە

# ئەمان

گەڕەکێکی نەوسازی قەراخ شار. دیمەنی شانۆکە گۆڕەپانێکە و چەند کۆڵانی دێتەوە سەر. خانووەکان گشتیان نەوساز و جوانن. لای ڕاستی دیمەنەکە خانوویەکی چۆڵ و کۆن هەڵکەوتووە کە دەرگە و پەنجەرەی ئەستووری تێ گیراوە و دیوارەکانی لە خشت دروست کراون. زۆربەی پەنجەرەکانی ئەم خانوویە بە تەختە و بزمار کیپ کراون. لە قولینچکی خانووەکەدا پەنجەرەیەکی درێژ و ناقۆڵا هەڵکەوتووە کە پلیکانەکان ڕووناک دەکا. لای چەپی دیمەنەکە، دوو خانوو هەن کە دەرگەکانیان لە تەنیشت یەکترە و هەرکام چەند پەنجەرەیان هەیە. خانووەکەی پێشەوە باڵکۆنی هەیە و هەروەها پەنجەرەیەکی گەورەی تێدایە کە ڕێک بەرامبەر پلیکانەی خانووە چۆڵەکە هەڵکەوتووە. لە پشتەوەی دیمەنەکە نومای خانوویەکی دیکەیە بە چەند پەنجەرە و دەرگەیەکی زلەوە.

نیوەشەوە. لە پشت چەند پەنجەرەوە چەند چراخەوێک بە دیارەوەن. تەنیا چرای خانوویەک هەڵکراوە کە باڵکۆنی هەیە. مانگ خەرمانەی داوە و نەرمەڕووناکییەک بە وڵاتەوەیە. دەرگەی خانووەکەی بەرامبەر دەکرێتەوە، سەرەتا سەری پیرەپیاوێک و پاشان سەری کچێک لە کەلێنی دەرگەکەوە وەدیار دەکەوێ. هەردووکیان ترساون. دیارە تازە لە خەو

ڕاپەڕیون. پیرەپیاوەکە «ڕێب دوشامبر»ێکی کۆنی لە بەردایە. ماوەیەک بە ترس و تۆقینەوە لە خانووە چۆڵەکە ڕادەمێنن، گوێ شل دەکەن، سەیری پەنجەرەکان دەکەن، هەردووکیان دوودڵن.

**کچ:** *[ترساو و بەئەسپایی]* وێڵی کە باوکە، وەرەوە ژوورەوە، دەرگەش داخە، ناچینە دەرەوە.

**پیرەپیاو:** شتی وا چۆن دەبێ؟

**کچ:** خۆ نەهاتووەتە سەر ماڵی ئێمە، باوکە! بە ئێمە چی؟

**پیرەپیاو:** ئەی ئەگەر هات؟ هەرچۆنێکی بێ دەبێ خەڵکی ئاگادار بکەینەوە.

**کچ:** *[بە دەنگی بەرز]* من دەترسم باوکە، دەترسم!

**پیرەپیاو:** *[بە ترسەوە]* دەنگت ببڕەوە کچەتیوە زلە!

**کچ:** ئێ، دەترسم ئیدی، خۆ بە دەست خۆم نییە!

**پیرەپیاو:** بۆ، پێتوایە من ناترسم؟! تەمەشا ئەژنۆم چۆن دەلەرزێ.

**کچ:** دەی ئەگەر هەردووکمان دەترسین، چیمان لەو گێرەوکێشەیە داوە؟

**پیرەپیاو:** *[هەوڵ دەدا پشووی لە سەر خۆی بێ.]* شەرمێ ناکەی؟ یانی نابێ لەو وەزعەدا خەڵکی ئاگادار بکەینەوە؟

**کچ:** تکایە باوکە، وەرە با بڕۆینەوە ژوورەوە.

**پیرەپیاو:** بۆ ئەگەر بچینەوە ژوورەوە ئیدی ناترسێین؟ خۆ وا

خراپتریشە.

**کچ:** دەی کەواتە وەرە با کارێکی دیکە بکەین؛ بەڵام لیرە لە کۆڵانێ نا.

**پیرەپیاو:** کاری چی؟

**کچ:** نازانم. ڕێگەیەکی دیکە ببینەوە.

**پیرەپیاو:** هەتا من بیری لێ بکەمەوە، کاری خۆی کردووە.

**کچ:** باوکە! وەرە دەچینە سەربان، لەوێرا دەیکەینە هاتوهاوار و خەڵکی وەخەبەر دێنین.

**پیرەپیاو:** هاتوهاوار؟ پەککوو کەری! بچینە سەربان و خۆمان نیشان بدەین تا کابرا تەواو بمانناسێتەوە و نیشانەمان کا؟ ها؟

**کچ:** دەی خۆ ئێستاکەش ڕەنگە بمانناسێ.

**پیرەپیاو:** چەتوونە. پاشان، ئەی ئەگەر بەو هاتوهاوارەی ئێمە دەرپەڕی و هەڵات؟

**کچ:** دەی با هەڵبێ، بە جەحەندەم!

**پیرەپیاو:** ئادی ئادی! هەڵبێ بە جەحەندەم! سبەی شەوێش بێتە دەستەی خۆمان، ها؟

**کچ:** ئەگەر ئیشتیای لێ بێ، هەر ئێستاکەش دەتوانێ هەڵبێ.

**پیرەپیاو:** ئەگەر بتوانین خەڵکی ئاگادار بکەینەوە، چەتوونە هەڵبێ. یاڵڵا دەی زووکە، دەست ببزێوە تا درەنگ نەبووە.

**کچ:** باشە من چیم لە دەست دێ؟

**پیرەپیاو:** چاو بەقوربان! سووکێکی بە بێدەنگی بە پەنا دیواردا خۆت

دەگەیێنییە هۆو ماڵەی چڕاکەی دەئایسێ.

**کچ:** دەی؟

**پیرەپیاو:** هەر گەیشتییە بەر دەرگەی ماڵەکە، خێرا لە زەنگەکەی بدە، چەند مستێکی توندیش لە دەرگەکە بدە. تێ گەیشتی؟

**کچ:** *[ترساوە.]* دەی؟

**پیرەپیاو:** پاشان بەغاردان بگەڕێوە، ئیدی ئەوەی دیکەی لەستۆی خۆم.

**کچ:** *[بە پاڕانەوە]* باوکە!

**پیرەپیاو:** مەترسە، ئاگام لێتە.

**کچ:** *[کوڵی گریانی هەستاوە.]* ئەخر دەترسم!

**پیرەپیاو:** ترسی ناوێ، ئەوەنییە دەڵێم لێرەوە ئاگام لێتە.

**کچ:** ئەی ئەگەر لەپڕ هاتە دەرەوە چ بکەم؟

**پیرەپیاو:** دەی ئەوە چاکتر!

**کچ:** جا خۆ دەستبەجێ دڵم لە خۆ دەبێتەوە.

**پیرەپیاو:** نایەتە دەرەوە.

**کچ:** چووزانی؟

**پیرەپیاو:** بۆ مەگەم شێتە بێتە دەرەوە؟

**کچ:** ئەی بۆچی چووەتە ئەو نێوە خۆی شاردووەتەوە؟ بۆیە چووە کە پاشان بێتە دەرەوە ئیدی!

**پیرەپیاو:** وایە، بەڵام وا زوو نایەتە دەرەوە.

**کچ:** چووزانی؟

**پیرەپیاو:** لائیلاهەئیللەڵڵا! هێندەم لەگەڵ مەڵێ!

**کچ:** باشە بۆ بۆخۆت ناچی؟ ئەگەر ڕاست دەکەی بۆخۆت بچوو.

**پیرەپیاو:** من؟ بەم لاقئێشەیەمەوە؟ بەم بەروسینگە خاوێنەمەوە؟ چۆن بچم؟ ئەتۆ جحێڵی، ساغوسەلیمی، چوستوچالاکی، لە چاوترووکانێکدا دەتوانی بچی و بێیەوە. دەی ئافەرەم کچی خۆم، ئەوە چاوم لێیە بزانم چ دەکەی.

**کچ:** *[هەوڵ دەدا وەڕێ بکەوێ.]* ئۆی، وەیش...

**پیرەپیاو:** چ بوو کچی باوکەی؟

**کچ:** هەناسەم دەرنایە، دڵم خەریکە بوەستێ.

**پیرەپیاو:** غیرەت بدە بەر خۆت کچێ! ئەمە ترسی بۆ چییە؟ ئەگەر بەقەد تۆ بووم لە گورگیش نەدەترسام، ئەم بستە ڕێیە هەر هیچ نییە!

**کچ:** *[دەیەوێ بگەڕێتەوە ژوورەوە.]* نا، نا باوکە!

**پیرەپیاو:** *[پێشی دەگرێ.]* بە قسەی خۆش حاڵی نابی کچەتیوە ترسنۆکە؟ پێت عەیب نییە بەو سەروسیما و قەدوقیافەیەتەوە؟ گەورە دەستوورێکی دا، چکۆلە بە ملی شکاوی دەبێ بە قسەی بکا. لە سبەیەوە لە ژوورێدا حاسێت دەکەم، تازە هەقت نییە پێت لە ژوورێ ببەیە دەرەوە! جا بزانە وا دەکەم یان نا!

**کچ:** ئەخر...

**پیرەپیاو:** لە سەری مەڕۆ، قسەی من یەکە و نابێ بە دوو.

*[کچەکە بە ترسولەرزەوە دێتە نێوەڕاستی دیمەنی شانۆکە. دوودڵە. سەیرێکی دەوروبەر دەکا، لە سەر پەنجەی پێی چەند هەنگاوێک دەچێتە*

*پێشەوە، پاشان کتوپڕ غار دەدا و خۆی دەگەیێنێتە یەکەم ماڵ و دەست دەکا بە لەزەنگ‌دان. پیرەپیاوەکە بە هەڵەی کچەکە دەزانێ و بە ئەسپایی دەڵێ:]*

هۆی، هۆی، ئەمە نا، ئەمە نا، ئەوی دیکە!

*[کچەکە گوێی لێ نابێ و خێرایەکی دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. پیرەپیاوەکە بە تووڕەیی:]*

دەک سەرت لە قوڕێ بنێی کچەتیوە گێژە! بۆ لە زەنگی ئەو ماڵەت دا؟ مەگەر پێم نەوتی لە زەنگی ئەو ماڵە بدە کە چراکەیان دەئایسێ؟

**کچ:** *[دەستی خستووەتە سەر دڵی.]* نەمتوانی باوکە، بە خودای نەمتوانی.

*[بێدەنگی. چرایەک هەڵدەکرێ و پیاوێکی خەواڵوو لە پەنجەرەوە خۆی بۆ لای دەرەوە دەنوشتێنێتەوە.]*

**پیاو:** کێیە؟ *[بێدەنگی]*

کێ بوو؟

*[پیرەپیاوەکە و کچەکە ناتوانن وەڵام بدەنەوە. پیاوەکە ئەمجارە بە دەنگی بەرزتر]*

دەڵێم کێ بوو؟

*[پیرەپیاوەکە دێتە پێشەوە و بە ئاماژەی دەست پیاوەکە بۆ لای خوارەوە بانگ دەکا.]*

**پیاو:** ئێوە کێن؟

*[پیرەپیاوەکە بە ئاماژە تێی دەگەیێنێ کە بێتە خوارەوە.]*

**پیاو:** چیتان دەوێ؟

*[پیرەپیاوەکە و کچەکە ئاماژە بە خانووە چۆڵەکە دەکەن.]*

**پیاو:** بەم نیوەشەوی ئیشتیای گەمەتان کردووە؟ ئەم ئەداوئەتوارە چییە؟ دە قسێکی بکەن، خۆ لاڵ نین!

**پیرەپیاو:** *[بە شێوەیەک کە دەڵێی دەنگی لە بنی چاڵاوڕا دێ.]* دز! دز!

**پیاو:** چی؟

**پیرەپیاو:** دز کاکە، دز!

**پیاو:** *[بە دەنگی بەرز]* دز؟

**پیرەپیاو:** وست! سەبر کاکە!

**پیاو:** [بە ئەسپایی] کوا؟ لە کوێیە؟

**پیرەپیاو:** لەو نێوەدا خۆی شاردووەتەوە. *[ئاماژە بە خانووە چۆڵەکە دەکا.]*

**پیاو:** *[پەنجەرەکە دادەخا و بە ترسەوە خێرا دێتە نێو دیمەنی شانۆکە و بێ ترس دەست دەکا بە هاتوهاوار.]* دز! ئەی هاوار دز! بیگرن!

**پیرەپیاو و کچ:** دز! ئەی هاوار دز! بگەنێ!

*[چەند چرایەک هەڵدەکرێن و لە هەموو لایەکەوە دەنگوهەرا بەرز دەبێتەوە.]*

**دەنگی جەماوەر:** چ قەوماوە؟ چ بووە؟ چ باسە؟

**پیرەپیاو:** *[بە هاتوهاوارەوە لە کۆڵانەکاندا بزر دەبێ و دیسانەوە دێتەوە.]* دز! دز!

**هەرسێکیان پێکەوە:** بگەنێ! بگەنێ! دز! بگەنێ!

*[دوکتۆر و مکانیک و خزمەتگوزاری قوتابخانە و لە دوای ئەوانیش دایکی مکانیکەکە دێنە نێو دیمەنەکە، هەمووان جلی خەویان لە بەردایە و ئاڵۆزن. پاش دەمێک پەنجەرەی ئەو ماڵە دەکرێتەوە کە باڵکۆنی هەیە و پیاوێک دێتە سەر باڵکۆنەکە.]*

**دوکتۆر:** *[شڵەژاو]* چ بووە برای بەڕێز؟

**پیرەپیاو:** دز، دز!

**خەڵک:** دز؟ دز؟ *[بە ترساوی بۆ ئەملا وئەولا ڕادەکەن.]*

**دوکتۆر:** کوێی تاڵان کردووە؟ کوێی تاڵان کردووە؟

**دەنگەکان:** چووەتە ماڵی کێ؟ چیی بردووە؟ چیی کردووە؟

**پیرەپیاو:** چووەتە ئەو ماڵە کاکە، ئەو ماڵە. *[ئاماژە بە خانووە چۆڵەکە دەکا.]*

**خەڵک:** *[لە دەوری پیرەپیاوەکە کۆ دەبنەوە.]* ئەو ماڵە؟

**دوکتۆر:** لە کوێوە هاتووە برای بەڕێز؟

**پیرەپیاو:** نازانم، بەڵام ئێستا لەوێیە.

**خەڵک:** ئەی هاوار دز!... پاسەوان... پاسەوان!

**دوکتۆر:** مەیکەنە هەرا کاکە، با بزانین چ باسە. *[ڕوو لە پیاوەکە]* ئێوە دیتتان؟

**پیاو:** نەوەڵڵا قوربان. من خەوتبووم، بە دەنگی دەرگە وەخەبەر هاتم. هەوەڵێ وتم خودای نەخواستە شتێک قەوماوە یا خێزانم و منداڵەکان لە سەفەر گەڕاونەتەوە؛ بەڵام کە پەنجەرەم کردەوە ئەم بەڕێزە و ئەم خانمەم

دیت بانگم دەکەن، پاشان بە مەسەلەکەم زانی.

**دوکتۆر:** *[بۆ کچەکە]* کەواتە ئێوە دیتتان؟

**کچ:** نەخێر، من نەمدیت. خەوتبووم، بە دەنگی باوکم وەخەبەر هاتم کە هەرای دەکردم. ئەوەندە ترسابووم خەریک بوو دڵم بتۆقێ؛ ئەخر وەم زانی هاتووەتە ماڵی ئێمە.

**دوکتۆر:** *[بۆ پیرەپیاوەکە کە لە گۆشەیەک دانیشتووە]* کەواتە ئێوە دیتتان؟

**پیرەپیاو:** بەڵێ کاکە، من دیتم.

**دوکتۆر:** دەی، کێ بوو؟ چۆن بوو؟

**پیرەپیاو:** عەجەب دێوەزمەیەک بوو کاکە!

**دوکتۆر:** چۆنتان زانی دزە؟

**پیرەپیاو:** *[بە سەرسوڕمانەوە]* ڕەنگە دزیش نەبووبێ!

**دوکتۆر:** ئەی ئەگەر دز نەبووە، کێیە؟

**پیرەپیاو:** پیاوکوژ کاکە! جەنایەتکار! یا ڕەنگە لەمانەش خراپتر. هەرچێکی بووبێ، ئێستا ئەوە لەو ماڵەدایە.

*[هەمووان سەیری خانووە چۆڵەکە دەکەن.]*

**دوکتۆر:** کەی دیتتان؟

**پیرەپیاو:** دە دەقە دەبێ و نابێ.

**دوکتۆر:** لە ماڵی ئێوە بوو؟

**پیرەپیاو:** نا قوربان، هەهاا ئەلێرە بوو، لەم شوێنەی ئێستای ئێوە. لەم کۆڵانەوە هات و بە شێنەیی چووە ئەم خانووەوە.

**مکانیک:** وەختێک دیتت، لە کوێ بووی؟

**پیرەپیاو:** لە هۆوە بووم. *[پەنجەرەیەکی ڕووناکیان پێ نیشان دەدا.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەمە کوێیە؟

**پیرەپیاو:** مستەڕاحە. پەرژینێکی بە گوڵ بی، تۆزێ ناساخم، شەوانە ناچار دەبێ شەش حەوت جاران هاتوچۆی مستەڕاح بکەم.

**مکانیک:** دەی؟

**پیرەپیاو:** پەنجەرەکە کرابووەوە، لەپڕ لە کۆڵاندا چاوم پێی کەوت. خودا بە سەر کەسی نەهێنێ، شتێکی سەیر بوو!

**مکانیک:** سەیر؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** چۆن؟

**پیرەپیاو:** لەوەتی هەم قەتم شتی وا نەدیتبوو، دەتوت دوو بەشەریان پێکەوە دووریوە!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** یانی ئەوەندە کەڵەگەت بوو؟

**پیرەپیاو:** نا، دەتوت لە نێوەڕاستەوە شەقیان کردووە، ئاوا، دوو لەت بوو، دوو سەریشی هەبوو. یەکێک لە سەرەکانی لە پێشەوە دەڕۆیشت و ئەوی دیش بە دوایدا.

**دایکی مکانیک:** یا حەزرەتی غەوس! ئەمە هەر بەشەر نەبووە!

**دوکتۆر:** نەکا لێتان تێک چووبێ و سێبەرەکەیتان بە هەڵە دیبێ؟

**پیرەپیاو:** نا کاکە، هەڵەی چی! بەو چاوانەوی خۆم دیتم، سێبەریشی هەبوو، سێبەرێکی پانوبەرین، دەتوت لۆرییەکی زل بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

**دوکتۆر:** قەڵەو بوو یا کز؟ چۆن بوو؟

**پیرەپیاو:** ئەمەم نەزانی.

**دایکی مکانیک:** شاخی نەبوو؟

**پیرەپیاو:** شاخ؟ نا نەیبوو.

**دایکی مکانیک:** ئەی کلک؟

**پیرەپیاو:** نا، پێموانییە. من نەمدیت؛ پیاو شتێکی نەیبینێ بوختان نەکا چاکترە. نەخێر، نەیبوو.

**مکانیک:** دەقەیەک سەبرت بێ دایە.

**دایکی مکانیک:** دەمەوێ بزانم جنۆکە نەبووە؟

**دوکتۆر:** *[بە بزەوە]* نا خانم، دڵنیا بن. *[بۆ پیرەپیاوەکە]* ئەرێ برای بەڕێز، چەکومەکی پێ نەبوو؟

**پیرەپیاو:** چەک؟ ڕەنگە. هەندێ شتی بەملاوئەولایەوە هەڵاوەسرابوو.

**دوکتۆر:** چۆن دەڕۆیشت؟

**مکانیک:** ئەم قسانە بە کاری چ دێن؟ خۆ کابرا بە چۆغە و پەستەکەوە ناچێتە دزی، خۆی دادەپێچێ ئیدی!

**دوکتۆر:** ئیزن بدە بەڕێز، هەڵبەت مەبەستێکم هەیە کە دەیپرسم! *[بۆ پیرەپیاوەکە]* دەی وتتان چۆن دەڕۆیی؟

**پیرەپیاو:** وەڵڵا جۆرێک دەڕۆیی دەتوت لاقی نییە؛ یانی وەک بڵێی تەگەری لە بن پێی بێ، هەنگاوی هەڵنەدێنا، ڕاست و یەکتەکان دەڕۆیی.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** هەڵبەت دز نەبووە.

**دایکی مکانیک:** خودا بۆخۆی ڕەحممان پێ بکا!

**کچ:** وای باس مەکە باوکە، دەترسم!

**پیاو:** ترسی بۆ چییە خانم، ئەوەنییە هەموومان بەخەبەرین.

**دوکتۆر:** بەکوێدا چووە ژوورەوە؟ دەرگە؟ پەنجەرە؟ دیوار؟

**پیرەپیاو:** تەواو نەمدیت. کە گەیشتە بەر دەرگەکە، لەپڕ ون بوو.

**مکانیک:** چۆن نەتزانی؟

**پیرەپیاو:** نەمزانی ئیدی کاکە! خۆ کفرم نەکردووە. تەمەشا ئەو بەزمەی!

**دوکتۆر:** زۆر زۆر ببوورن، کاکی بەڕێز، ئەمشەو چەندەت خواردووە؟

**پیرەپیاو:** خواردن؟ *[بۆ کچەکەی]* کچم، ئەرێ چەندەم خوارد؟

**کچ:** بەقەد شەوانی دی.

**دوکتۆر:** بەر لە خواردن، سەیری تەلەڤزیۆنتان نەکرد؟

**پیرەپیاو:** ئێمە تەلەڤزیۆنمان هەر نییە.

**دوکتۆر:** ئەی ڕادیۆ؟

**پیرەپیاو:** نەخێر کاکە.

**دوکتۆر:** ببوورن، ئەی ئەو دەمانەی بەتەنێن، چ دەکەن؟

**پیرەپیاو:** خوێندنەوە کاکە، خەریکی خوێندنەوەم.

**دوکتۆر:** زیاتر چ جۆرە کتێبێک دەخوێننەوە؟

**مکانیک:** تەح، بەم نیوەشەوە خەریکن لە نووکونخۆشی دەپرسن؟

**دوکتۆر:** ئیزن بدەن، مەبەستم هەیە بۆی. دەمەوێ هەمووتان

ئاسوودە بکەم.

**مکانیک:** باشي خۆ وا نابێ! ئێمە لێرە ڕاوەستاوین، ئێوەش لێکدالێکدا پرسیار دەکەن!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەیەوێ جوان مەسەلەکەی ڕوون بکاتەوە.

**مکانیک:** ئێستە کوا کاتی ئەمەیە؟

**دوکتۆر:** ئەگەر دەقەیەک لێم گەڕێن، دەزانم چ ڕووی داوە.

**مکانیک:** زۆر چاکە، بەڵام زۆری قەراخ لێ مەکێشن، ئێمەش ماڵ وحاڵمان هەیە.

**دوکتۆر:** *[ڕوو لە پیرەپیاوەکە]* ئێوە ئەمشەو بەر لە خەوتن چ کتێبێکتان خوێندووەتەوە؟

**پیرەپیاو:** کتێبە کۆنەکان دەخوێنمەوە. خوێندنەوەم زیاتر سەبارەت بە زانستە نهێنییەکان و ڕازوڕەمزی غەیب و ئەم شتانەیە. ئەمشەو پێش خەو خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بووم لەبارەی زانستی «جەفر»دا.

**دوکتۆر:** جەفر؟ هەمان جنۆکەگری و ...

**پیرەپیاو:** ئەوە دەڵێی چی کاکە گیان؟ یانی من جنۆکەگرم؟ نەخێر، دەبێتە مەسەلەی بانگکردنی ڕۆح و زانستە کۆنەکان و ناسینی ڕۆح.

**دوکتۆر:** *[سەرکەوتووانە و ڕوو لە خەڵک]* بەڕێزان، مەسەلەکە ڕوون بووەوە. نەموت ئاخری دەزانم چ باسە!؟

**پیاو:** دەی چ بوو؟

**دوکتۆر:** ئەم بەڕێزە تووشی «هاڵوسیناسیۆن» بووە.

**مکانیک:** تووشی چ بووە؟

**دوکتۆر:** تووشی... وەهم. بەڵێ وەهم.

**مکانیک:** وەهم؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** *[بۆ مکانیکەکە]* وەهم ئیدی، وەهم.

**مکانیک:** یانی چی؟

**پیاو:** هەموو ئەمانە خەیاڵ بوون.

**پیرەپیاو:** خەیاڵی چی و شتی چی؟ بەم جووتە چاوەی خۆم دیتم.

**دوکتۆر:** *[لێبڕاوانە]* نا بەڕێز، ئێوە هەر لە سەری شەوێوە تێک چوون؛ سەرەتا خواردنی زۆر و چەور، پاشانیش خوێندنەوەی کتێبی بانگ‌کردنی ڕۆح. ئەمە بیری بۆ ساز کردوون، جا سەرەڕای ئەمە تووشی «هیپرترۆفیی پڕۆستات»یشن و ناچارن کە چەند سەعات جارێک لە خەو هەستن. هەموو ئەم کارتێکەرییە جەستەیی و ڕۆحییانە دەستیان داوەتە دەستی یەک تا ببنە هۆی ئەم وەهم و خەیاڵە ناڕاستانە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دە بڵێ ئیدی، ئەمە هەموو هی بای زگ بووە!

**پیاو:** وا چاکە خۆت چارەسەر بکەی کاکە.

**مکانیک:** بەو نیوەشەوی ئەو خەڵکەت بۆ دەرپەڕاندووە؟!

**دایکی مکانیک:** ڕەحمەت لە باوکی هەرچی تەشقەڵەبازە.

*[هەموو دەیانەوێ بڕۆن.]*

**پیرەپیاو:** *[بێدەسەڵات و دەستەوەستان]* گوێ بدەنێ، دەقەیەک ڕاوەستن! خودا شایەتە دیتم، یاڕەببی کوێراییم داتێ ئەگەر درۆ بکەم؛

دێوەزمە بوو، تەنانەت لە دێوەزمەش خراپتر! ئەگەر باوەڕ بە من ناکەن، دەکرێ بۆخۆتان بچن و بە چاوی خۆتان ببینن.

**دوکتۆر:** دیتنی ناوێ برای بەڕێز، پێموانییە لە هیچ کوێ گیانلەبەرێکی وەک ئەو شتەی جەنابت وتت هەبێ.

**مکانیک:** هەڵبەت بە تۆق‌تۆقە لە هەسارەی مێریخەوە هاتووە.

**دوکتۆر:** دەی فەرموون بڕۆنەوە ماڵەکانتان بەڕێزان، فەرموون بڕۆنەوە و ئاسوودە بۆی بخەون.

**پیاو:** جا تازە کێ خەوی لێ دەکەوێ؟ خەوی ئەمشەویشمان چوو.

**مکانیک:** *[بۆ پیرەپیاوەکە]* لەمەودوا هەرکات خەیاڵ هەڵیگرتی، ژنەکەت هەستێنە.

**پیرەپیاو:** ژنم نییە.

**دایکی مکانیک:** *[بە جیددی]* ئایەتولکورسییەک بخوێنەوە و فوویەک لە چواردەورەت بکە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** لەتە ئاسنێکیش لە ژێر دۆشەکەکەت دانێ.

**دوکتۆر:** منیش وەک پزیشک پێشنیار دەکەم حەبێکی ڕەوانکەر و چەند دانە حەبی خەو بخۆی.

*[خەڵک تازە سەرنج بە کەسایەتیی دوکتۆرەکە دەدەن و بە تامەزرۆییەوە سەیری دەکەن. دوکتۆرەکە بە مێهرەبانییەوە دەڵێ]*

دەی، شەوی هەموو لایەک خۆش.

**پیرەپیاو:** ئەی... ئەی ئەوە چیی بە سەر دێ؟ چیی لێ دەکەن؟

**مکانیک:** سواری تۆق‌تۆقەکەی دەبێ و دەچێتەوە مێرِیخ.

**کچ:** بەسە ئیدی باوکە، ئابڕوومان چوو. وەرە با بڕۆینەوە ژوورەوە.

**پیرەپیاو:** ئەی دزەکە؟ دزەکە چ لێ بکەین؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟ ڕاوەستن!

*[وەدووی خەڵکەکە دەکەوێ و هەوڵ دەدا ڕایانگرێ. بێهیوا و داماوە و کچەکەش بە شەرمەزارییەوە هەوڵ دەدا باوکی بباتەوە ژوورەوە. هەمووان بە وەڕەزی دەیانەوێ لە دیمەنەکە بچنە دەرەوە.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** هۆی! بۆ کوێ؟

*[هەمووان بە سەرسوڕمانەوە دەگەڕێنەوە.]*

دەچنە کوێ؟ هەموو قسەکانی ئەم پیاوە ڕاست بوو، هەرچی وتی ڕاست بوو، منیش دیتم.

*[هەمووان سەرسام و بێدەنگ سەیری یەکتر دەکەن.]*

**پیرەپیاو:** یانی ئێوەش دیتتان؟ دیتتان؟ *[خۆشحاڵە.]* نەموت؟ نەموت؟ ئەم بەڕێزەش دیتوویە. ئێستا بۆتان دەرکەوت؟ ئەم بەڕێزەش دیتوویە، بۆخۆی دەڵێ.

**پیاو:** ئێوەش دیتتان؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بەڵێ دیتم.

**مکانیک:** چۆن بوو؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دێوەزمەیەکی تەواو تەواو بوو. بەشێنەیی هات و چووە ئەو خانوویەوە.

**پیرەپیاو:** بیستتان؟ بیستتان؟ ئەمجارە باوەڕتان کرد؟

**خەڵک:** *[لەناکاو و ورووژاو]* ئەی هاوار دز! دز! بیگرە! بیگرە،! پاسەوان، پاسەوان!

*[لێک دەئاڵێن و بۆ ئەملاوئەولا دەڕۆن و دەستوپەل ڕادەوەشێنن. پاش دەمێک هەمووان لەناکاو بێدەنگ دەبن و لە پیاوی سەر باڵکۆنەکە ڕادەمێنن.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەی؟

**پیاو:** ئەی ئەگەر دیتبووتان بۆ لە هەوەڵەوە دەنگتان نەکردبوو؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** وتم هەڵبەت باوەڕ بە قسەی ئەم پیرەپیاوە بەڕێزە دەکەن.

**دوکتۆر:** ئەی بۆ نەهاتنە خوارەوە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چی بکەم لە خوارەوە؟! پاشانیش، لێرەوە باشتر دەمتوانی ئاگام لە وڵات بێ.

**مکانیک:** ئاگات لە چ بێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** هەم ئێوە و هەمیش خانووەکە. ئەخر ئێوە سەرگەرمی مشتومڕ بوون و ڕەنگ بوو کابرا دەرچێ. ئێستاش ئەگەر مەترسییەک بێ، خێرا خەبەرتان دەکەم.

**دوکتۆر:** دا پێم بڵێ برای بەڕێز...

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ها؟ چییە؟ هەڵبەت بەتەمای منیش لە پرسیاران گری؟ نا برا، من نە زۆرم خواردووە و نە کتێبی ڕۆح و جنۆکەشم خوێندووەتەوە، چرکەمیزەشم نییە، خەویشم لێ نەکەوتبوو کە بڵێی خەونم دیتبێ. *[بە پێکەنینەوە]* تەنیا لە سەری شەوێوە بەقەد تۆپەڵەیەکم

نەختەنەختە هەڵاویشتووە، برێک کەیفخۆشم، هیچی دی. *[بۆ هەمووان]* فەرمووون وەرنە سەرێ، ماڵی خۆتانە، شەرمی ناوێ.

**خەڵک:** بەم نیوەشەوە ئیشتیای گاڵتەتان کردووە ها! ئێستا وەختی ئەم گاڵتە و جەفەنگانە نییە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەفەرمووون چ بکەم؟

**خەڵک:** وەرنە خوارەوە چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** من جێم خۆشە، ئێوە خەریک بن.

**مکانیک:** بۆ مەگەر تۆ خەڵکی ئەم گەڕەکە نیی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** با، لەسەر ئیزنتان.

**پیاو:** ئەی بۆچی گوێی خۆتان لێ مات کردووە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** جوابی چاکە خراپەیە! کاکە ئێوە خەریک بوون دەڕۆیشتن، من وەخۆم هێنانەوە.

**پیاو:** دەی ئێستا کە گەڕەکەکەمان لە مەترسیدایە، نابێ یارمەتی بدەی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بەڵام من قەت لە هیچ ناترسم.

**پیاو:** ئەی ئەگەر دز بێ و ماڵت تاڵان بکا؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** خەوم سووکە.

**دوکتۆر:** لێی گەڕێن بەڕێزان، هەرکەسە بۆخۆی دەزانێ چ بکا و چ نەکا.

**پیرەپیاو:** *[سوور و پێداگر]* دەی، جا دەبێ هەمووومان وەخۆ کەوین. *[بێدەنگی. هەمووان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و سەیری خانووە*

*چۆڵەکە دەکەن.]*

**دوکتۆر:** ئەمە خانووی کێیە؟

**پیرەپیاو:** نازانم وەڵڵا.

**پیاو:** وا وێدەچێ چۆڵ کرابێ.

**پیرەپیاو:** کەس نازانێ خاوەنی هەیە یان نا.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەوە چەند ساڵە ئەم خانووە ئاوا بەرەڵایە. قەدیم کە ئێرە دەشت و بیابان بوو، نازانم بۆ پێیان دەوت ژووری مردووشۆر.

**پیاو:** جا بۆ مردووشۆر؟ ئەم ناوچەیە قەبرستانی لێ بوو؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** نازانم وەڵڵا، ئاگام لە ڕابردووی نییە، قەدەرێکیش پێیان دەوت ئەمنییە.

**پیاو:** ئەمنییە بۆ؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** نازانم، لەخۆڕا!

**دوکتۆر:** خاوەنی هەیە یان نا؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** قەدەرێک دەیانوت هەیەتی، وەختایەکیش دەیانوت نییەتی.

**دوکتۆر:** شتی وا چۆن دەبێ؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەوکات کە هێشتا ئەم گەڕەکە وا ئاوەدان نەببوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان دەیەویست بیکڕێ و بیکاتە قوتابخانە. زۆری ئەملاوئەولا کرد و هەندێ ناوونیشانیشیان پێ دا، بەڵام هەرچەندێکی وەدووی کەوت، ئاخری نەیزانی کێ خاوەنییەتی؛ ناچار

دەستی لێ شورد و ئەم زەوییەی ئێستای قوتابخانەی کڕی و سازی کرد.

**مکانیک:** ئەم قسانە بە کاری چ دێن؟ خاوەنی هەبێ یان نا، هەرچۆنێکی بێ ئێستا...

**دوکتۆر:** *[قسەکەی دەبڕێ.]* چۆن بە کاری چ دێن؟ نابێ بزانین کێیە هاتووە لەبن گوێمان کونی دزانی داناوە!

**مکانیک:** ئێمە خۆ هێشتا چاک یەکتری ناناسین. جەنابیشت سەرت لە قسان دەخورێ کاکە!

**پیاو:** *[بە دەنگی مۆسیقای پیاوی سەر باڵکۆنەکە وەگیان هاتووە.]* برا، دەکرێ دەنگی زەڕەزەڕی ئەو تڕتڕەیەت کەم بکەیەوە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** تەمەشا من چەند گێژم بۆوەی ئێوە ئارام بنەوە مۆسیقام بۆ گرتوون. زۆر چاکە، ئێستا کە پێتان ناخۆشە، چیم لەو دەردیسەرەی داوە!؟ *[مۆسیقاکە دەوەستێنێ.]*

**پیرەپیاو:** *[بێهێز]* کاکە گیان، چاکتان گوێ لێ مات کردووە ها! ڕاوەستاون یەکپشوو قسان دەکەن. دە فکرێکی بۆ بکەنەوە، چارەیەکی بکەن.

**دوکتۆر:** بەڵێ، دەبێ فکرێکی دروستوحیسابیی بۆ بکەینەوە، فکرێکی حیسابی و پوخت و تەواو.

**مکانیک:** دەی، دەڵێن چ بکەین؟

**دوکتۆر:** دەبێ لە ڕێی یاساوە بەرامبەری ببینەوە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بەڵێ، هەرچۆنێکی بێ دەبێ دەریکێشین.

**دوکتۆر:** بەپێی یاسا هەقی ئەم کارەمان نییە.

**پیرەپیاو:** ئەمە چ قسەیەکە کاکە! خۆ ناتوانین بەو دڵەڕاوکە و ترس‌ولەرزەوە گوێی لێ مات بکەین و دانیشین.

**دوکتۆر:** جا کوا قسەی وام کردووە؟ مەبەستی من ئەمەیە کە دەبێ نوێنەری یاسا لێرە بێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** هەی ئافەرەم، ئەمە قسەی حیسێبە، پاسەوانێکی لێ بێ مەسەلەکە دەبڕێتەوە.

**مکانیک:** جا خۆ ئەم گەڕەکە پازگەی نییە.

**پیاو:** هەر کەس نازانێش ئەم گەڕەکە لە ژێر چاودێریی شارەوانیدایە یا ئەمنییە.

**دوکتۆر:** بە هەر حاڵ، وا چاکە بە جۆرێک ئاگاداریان بکەینەوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئادی، ئاوا دەبێ مێشک.

**پیرەپیاو:** جا کێ بچێ؟

*[سەیری یەکتری دەکەن و هەموو بۆ لای خزمەتگوزاری قوتابخانە دەڕوانن.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** یانی دەڵێن من بچم؟ بە پێیان؟ کوا ئینسافتان؟

**دوکتۆر:** ئەی چارە چییە؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** من پیر و پەککەوتەم، تا دەچم و دێمەوە تاو هەڵدێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ڕاست دەکا، یەکێک بنێرن ئۆتۆمبیلی هەبێ، خێرا بچێ و بێتەوە.

*[هەمووان سەرنجیان بۆ لای دوکتۆرەکە دەچێ. دوکتۆرەکە لە بێدەنگیدا هەوڵ دەدا وەڕووی خۆی نەهێنێ.]*

دەی، دەڵێی چی جەنابی دوکتۆر؟

**دوکتۆر:** چاو لێکەن... خۆ ڕاستە، داشقەشکاوێکم هەیە...

**پیاوی سەر باڵکۆن:** وا مەفەرموو جەنابی دوکتۆر!

**دوکتۆر:** بەڵام کێشە ئەمەیە کە شۆفیرەکەم چووەتە نێو شار.

**مکانیک:** قەیدی نییە، ئەمن وەستۆی دەگرم.

**دوکتۆر:** وەڵڵاهی ئەم ئۆتۆمبیلەی من دەبێ لێی بزانی، هەموو کەس ناتوانێ لییێخوڕێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەم کابرایە مکانیکە، ماشێنەکەت هەزار فڕوفێڵیشی هەبێ، جێبەجێی دەکا.

**دوکتۆر:** خودا دەزانێ پێم ناخۆش نییە، بەڵام بۆ بەدبەختی سوویچی ئۆتۆمبیلەکەش لای خۆم نییە، شۆفیرەکە بردوویە.

**مکانیک:** جا ئەمە خەمداگرتنی ناوێ، بێ سوویچیش هەڵیدەکەم.

**دوکتۆر:** خۆ عەرزم کردن نابێ، ئۆتۆمبیلەکەی من خراپ بووە! چاکە!؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دە ڕاست و ڕەوان بڵێ نایدەم و ئەها، ئیدی بۆ جارێک لە ناڵ دەدەی و جارێک لە بزمار؟

**دوکتۆر:** *[سەرلێشێواو]* هیچ پێوەندیی بە جەنابتەوە نییە برای بەڕێز.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چۆن پێوەندیی نییە؟ ئەم گەڕەکە لە مەترسیدایە.

**دوکتۆر:** خۆ جەنابت خۆی تێهەڵناقورتێنی.

**پیرەپیاو:** *[بۆ دوکتۆر]* کاکی دوکتۆر، ئەگەر دەکرێ، تکایە...

**کچ:** باوکە تۆ کارت بەم شتانە نەبێ.

*[خەڵکەکە لە دەوری دوکتۆرەکە کۆ بوونەتەوە و بە نیگایان پێداگری دەکەن؛ بەڵام دوکتۆرەکە وەڕووی خۆی ناهێنێ. بێدەنگی.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** جا کە وای لێ هات و ئۆتۆمبیلی دوکتۆر خراپ بووە، تاکە چارە ئەمەیە کە هەمووتان قۆڵی هیممەت هەڵماڵن و دزەی لە خانووەکەدا قۆڵبەست بکەن.

**پیرەپیاو:** هیچ چارەیەکی دیکە نییە.

**پیاو:** بەڵێ، هەر ئەمەمان لە دەست دێ.

**مکانیک:** دەی وەڕێ کەون.

*[وا پێ دەچێ سوور بن لەسەر بڕیارەکەیان؛ بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە دەرگەکە، دوودڵ دەبن و ڕادەوەستن.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چ بوو؟ پەشیمان بوونەوە؟

**دوکتۆر:** *[کە وەکوو ئەوانی دیکە دوودڵە و لە فکردایە.]* ئاوا نابێ.

**پیاو:** بەڵێ، لەخۆڕایە.

**مکانیک:** بۆ؟

**دوکتۆر:** ناکرێ هەموو پێکەوە بچینە ژوورەوە، مەترسی زیاتر دەبێ.

**پیرەپیاو:** ئەی چ بکەین؟

**کچ:** باوکە تۆ خۆتی تێ وەرمەدە.

**دوکتۆر:** ئەم جەماعەتە پێکەوە نابێ، زۆرین. وا چاکە یەکێک بچێ، ئێمەش لە دەرەوەڕا ئاگامان لێی بێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەوە ترساوە ها!

**دوکتۆر:** نەخێر، ئەوەی نەمبێ ترسە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ناترسی؟ دەی چاکتر! خەڵکینە، بەختی خۆمان کە پیاوێکی ئازا و نەترسمان لە نێودایە. جەنابی دوکتۆر، پێمان بسەلمێنە کە ناترسی، بڕۆ ژوورەوە و قۆڵبەستی بکە.

**دوکتۆر:** بۆچی من؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەخر ئێمە هەمووومان دەترسین.

**دوکتۆر:** جا بۆ من شێت بووم خۆم بخەمە مەترسییەوە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بۆخۆم ئاسوودە، خەڵکیش بە جەحەندەم! ها؟

**دوکتۆر:** تەمەشا من قسە لەگەڵ کێ دەکەم!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بەڵێ، جەنابت کوا دەعیەت دێنێ قسە لەگەڵ ئێمەمانان بکەی.

**پیرەپیاو:** *[خوێن بەری چاوی گرتووە.]* زۆر چاکە، جا کە کەس ناچێ، بۆخۆم دەچم، بۆخۆم بە تاقیتەنیا.

*[سوور و لێبڕاوانە بۆ لای دەرگەی خانووە چۆڵەکە دەچێ، خەڵک پێشی دەگرن و دەیبەنە سووچێک و لە بڕیارەکەی پاشگەزی دەکەنەوە.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئادی کاکە، تۆ دەست هەڵگرە. *[بۆ خەڵک]* ئەو کابرا ماڵوێرانە کەپۆی بگری ڕۆحی دەردەچێ، کوا بۆ ئەم کارانە دەبێ؟

***پیرەپیاو:*** *[وەک تۆق‌تۆقە دەتەقێتەوە.]* ماڵوێران باوکتە، خوێڕیی سەگبابی قوڕمساخ.

**کچ:** *[بە پاڕانەوە]* باوکە تۆخودا وێڵی کە، وەرە لە کۆڵ بەوە.

**پیرەپیاو:** ئەخر خوێڕییە هەرچی لە زاری بێتە دەرەوە، دەیڵێ!

**کچ:** باوکە! باوکە! *[ئارامی دەکاتەوە.]*

**پیاو:** *[دەبۆڵێنێ.]* شەرمێش ناکا! جا ئەگەر قەرار بێ هەرکەس بنەئیستکانێکی ئارەقسەگی خواردەوە بێتە دەرەوە و هەرچی لە زاری هاتە دەرەوە بیڵێ، نابێ خۆ! ئێمە بە هەوییاین سالانێک لێرە بژین.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چاکە تۆش قسەیەکت کرد با بەشت نەخورێ.

**پیاو:** هەی سندان!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** لە تەپڵی سەرت دا! ئەگە زۆر پیاوی بۆخۆت بچووە ژوورەوە.

**پیاو:** تۆ وست بە.

**مکانیک:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* دەقەیەک دەمت داخە با بزانین چ دەکەین.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەها، ئەمەش خۆبەخشێکی دی، وا دیارە زۆرانبازیشە، دا بینێرن با بچێتە ژوورەوە.

**دایکی مکانیک:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* ئای ئای! بۆ ئەگەروایە کوڕی من لە گیانی خۆی وەڕەز بووە!

**مکانیک:** لێت دێمە سەرێ دەموفلچت دەشکێنم ها!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەو دەمەی پیاوی لێدانێ بووی، باوکت شۆشکەی بوو!

**مکانیک:** *[بۆ خەڵک]* ئێوە شایەت بن ها.

*[هێرش دەبا. خەڵک دەیگرن.]*

لێم گەڕێن با تەمبێی کەم. پێی‌وایە هەرکەس‌هەرکەسە! هەر دەڵێین چ نییە دەی، کەچی لە تامی بردووەتە دەرێ!

**دایکی مکانیک:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* ئەوە بۆ وەک سەی هار خەڵکی دەگری؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بڕۆ بانگی یەکی لە خۆت گەورەتر بکە پووری، لەگەڵ کچۆڵان داینابەستم!

**دایکی مکانیک:** *[زۆر تووڕە بووە.]* یاڕەببی ڕەشەهەناو بگری! بۆخۆت دایک و خوشکت نییە؟ ئەک ئەو چاوە حیزانەت کوێراییان داتێ!

**دوکتۆر:** لێی گەڕێن دایکم، لەگەڵی مەڵێن؛ خۆ ئەو کابرایە حاڵی‌بوونی نییە.

**مکانیک:** *[هێرش دەکا.]* ڕاوەستە ئێستا پێت دەڵێم پووت چەند کیلۆیە، شەل و شۆقت دەکەم، باووباپیرت دێنمە پێش چاوی!

*[بەردێک هەڵدەگرێ، خەڵکەکە کە دەبینن مەسەلەکە جیددی بووە، نێوبژیوانی دەکەن. هەراوهوریا و دەنگەدەنگە. لەو دەمەدا دەنگێکی ماتۆڕ دەبیسترێ. ڕێگەکە دەکەنەوە. تەکسییەکی باری دێتە نێو گۆڕەپانەکە، کە خەڵکەکە دەبینێ ڕادەوەستێ و سەری لە ئۆتۆمبیلەکە دێنێتە دەرەوە، کڵاوێکی سەیروسەمەرەی لە سەردایە و چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو کردووە.]*

**شۆفیر:** چ قەوماوە؟

**پیرەپیاو:** دزێک، دێوەزمەیەک چووەتە ئەو نێوە خۆی شاردووەتەوە.

**شۆفیر:** *[دادەبەزێ.]* دز؟

**پیرەپیاو:** بەڵێ.

**شۆفیر:** لەو نێوەدا؟

**پیرەپیاو:** ئادی.

**شۆفیر:** دەی دەریکێشنە دەرەوە.

**پیرەپیاو:** ناکرێ؛ چەکی پێیە.

**شۆفیر:** *[دەحەپەسێ.]* پەککوو! چەکدارە ئەگەروایە! جا ئێستا بە تەمای چین؟

**پیرەپیاو:** نازانم. هەروا دۆش داماوین.

**شۆفیر:** باشتر وایە لێی گەڕێن، ئێستا کە زانیوییە ئێوە بەخەبەرن، بۆخۆی لێ دەدا دەڕوا.

**دوکتۆر:** دەکرێ تکایەکتان لێ بکەم؟ ئێوە خۆ وەسیلەتان پێیە، زەحمەت بکێشن تا پازگە بچن و مەسەلەکەیان پێ بڵێن.

**شۆفیر:** پازگە؟ من خەریک بووم دەڕۆیشتم...

**دوکتۆر:** بەم کارەتان گەڕەکێک لە مەترسی ڕزگار دەکەن.

**دایکی مکانیک:** یاڕەببی خودا جەزای بە خێرت بداتەوە.

**پیاو:** هەڵبەت ئەمە ئەرکێکی مرۆییە. ئەی نابێ لە فکری ئەم جەماعەتەشدا بن؟

**شۆفیر:** ئەخر زۆر ماندووم، خەریکە کوێر بم بۆ دوو دەقە خەو.

**پیرەپیاو:** دەی چۆڕێک ئاو بە دەموچاوتدا بکە.

**کچ:** تۆ چیت پێی داوە باوکە؟

**دوکتۆر:** *[بۆ شۆفیرەکە]* دەی؟

*[چاوەڕێیە.]*

**شۆفیر:** *[ڕازی بووە.]* چ بە پازگە بڵێم؟

**پیرەپیاو:** بڵێ بوونەوەرێکی مەترسیدار هاتووە لە نێو ئەو خانووە چۆڵەدا خۆی شاردووەتەوە، گیان و ماڵ و نامووسی خەڵک لە مەترسیدایە. خەڵکەکە داواکارن بە زووترین کات...

**شۆفیر:** ئەها، تێ گەیشتم.

**کچ:** *[قسەی پیرەپیاوەکەی بڕیوە.]* بڵێن دز هاتووە، خەلاس.

**شۆفیر:** ئیدی نازانم چ بڵێم!

*[سەری بادەدا و سواری ئۆتۆمبیلەکەی، لە گۆڕەپانەکە دەچێتە دەرەوە. خەڵکەکە ئاسوودە هەرکام لە گۆشەیەک خۆ هەڵدەخەن.]*

**دوکتۆر:** ئاخری جێبەجێ بوو.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئادی، جێبەجێ بوو، خەم مەخۆ!

**پیاو:** دیسان مەسەلە چییە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەو کابرایە کێ بوو؟

**پیاو:** کابرایەکی ڕێبوار.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بۆ کوێ دەچوو؟

**پیاو:** چووزانم! هەڵبەت دەچووەوە ماڵەوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ماڵی چی و شتی چی؟ جا بۆ مەگەم لێرە بەولا ماڵی لێیە؟ ها؟ هەڵبەت دەچووە گەشتوسەیران، سەعات یەک و نیوی شەوێ!

**مکانیک:** ئەی دەچووە کوێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** نازانم. ڕەنگە بە تەمای ئێرە بووبێ.

**دوکتۆر:** جا چ بکا لێرە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** مەسەلە ئەمەیە. چۆن گومانتان لێی نەکرد؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بۆچی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بە چی مەعلووم هاودەستی ئەو کابرایە نەبوو؟

*[ئاماژە بە خانووە چۆڵەکە دەکا.]*

**پیرەپیاو:** ئەی چۆن ڕازی بوو بچێ لە دوای پۆلیس؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** هەتی ئێوە زۆر ساویلکەن! هات دیتی هەلەکەی هەو نییە، بۆی دەرچوو.

**مکانیک:** مەبەستت چییە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەم جۆرە مرۆڤانە بەرخەکەش دەخۆن و لەگەڵ پەزەکەش شین دەگێڕن.

**پیرەپیاو:** *[ترساو]* خودایە بۆخۆت ڕزگارمان بکە. جا ئێستا چ بکەین؟

**کچ:** باوکە ئەوەندە خۆتی پێوە نارەحەت مەکە؛ دەترسم دیسان دڵت گوشاری بۆ بێ.

*[هەمووان سەرنجیان لە سەر پیاوی سەر باڵکۆنەکەیە.]*

**دوکتۆر:** پێشنیاری ئێوە چییە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[زۆر ئاسایی جگەرەیەک هەڵدەکا.]* وەڵڵا هەرچۆنێکی بێ دەبێ ئەو کابرایە لە کۆڵ بکرێتەوە.

*[ئاماژە بە خانووە چۆڵەکە دەکا.]*

**پیاو:** چۆن؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چارە تفەنگێکە.

**پیرەپیاو:** تفەنگ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بەڵێ تفەنگ.

**مکانیک:** جا ئێمە تفەنگمان لە کوێ بوو!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** تفەنگمان هەیە.

**پیرەپیاو:** هەمانە؟ ئەی کوا؟

*[دەستە بەتاڵەکانی نیشان دەدا.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[پێداگر]* یەک لە ئێمە تفەنگێکی هەیە.

**مکانیک:** *[ڕوو لەوانی دیکە.]* کێیە تفەنگی هەیە؟ ها؟ کێ تفەنگی هەیە؟

*[هەمووان بێدەنگن.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** یەک ئامادە نەبوو ئۆتۆمبیلەکەی بدا، ئەوی دی پێش کوڕەکەی گرت و یەکیش لەپێشدا هەڵچوو و هاتە پێشەوە و پاشان کشایەوە. ئێستەش نۆبەی ئەوەیە کە تفەنگی هەیە و نایدا. *[ڕوو لە پیاوەکە.]* ها؟ دەی دەڵێی چی؟

**پیاو:** من تفەنگم لە کوێ بوو؟!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەی ئەوەی ڕۆژانی هەینی خۆت دەشورد و لەگەڵ خۆت دەتبردە سەر تەپکەکە، چ بوو؟

**پیاو:** ئەوە تفەنگی ڕاوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەی بۆ مەگەم تفەنگی ڕاوێ تفەنگ نییە؟ ئەی چییە؟ ناکرێ پێی لە کەس بدەی؟ ناکرێ کەسی پێ بترسێنی؟

**دوکتۆر:** کەواتە ئێوە تفەنگتان هەبوو و وستەشتان نەدەهات؟
**پیاو:** باشە ئەخر پێموانییە بە کەڵک بێ.
**پیرەپیاو:** ئێوە بیهێنن، با بزانم چۆن بە کەڵک نایە!
**کچ:** باوکە، تفەنگت بۆ چییە؟ توخودا ئیدی خۆت تێ وەرمەدە.
**پیاو:** *[بە ڕوودا کەوتووە.]* قسەم نییە، بەڵام هەرچێکی بێ لەستۆی خۆتانە.
**مکانیک:** باشە، بڕۆ بیهێنە.
*[پیاوەکە بە دوودڵییەوە دەچێتەوە ژوورەوە.]*
**پیرەپیاو:** ئێمە قەت نابینە بەشەر.
**دوکتۆر:** بەڕاستی هی وایە بێچاوەڕوویە!
**پیاوی سەر باڵکۆن:** پەرژینێکی قایم بێ.
*[هەمووان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە.]*
هۆی، گوێتان لێیە؟
**پیرەپیاو:** چی؟
**پیاوی سەر باڵکۆن:** گوێ بدەنێ.
*[هەمووان گوێ هەڵدەخەن.]*
**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەڵێی بە ڕێگەدا دەڕوا.
*[هەمووان ترساون.]*
**مکانیک:** دەڵێی شتێکی بەردایەوە.
**پیرەپیاو:** هەڵبەت دەیەوێ بێتە دەرەوە.
**پیاوی سەر باڵکۆن:** وست!

*[جێ دەگۆڕێ و لە سەر باڵکۆنەوە مل دەکێشێتە نێو خانووە چۆڵەکەوە.]*

هاتووەتە سەر پلیکانەکان دانیشتووە.

**پیرەپیاو:** چ دەکا؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** نازانم. دەڵێی خەریک تیژکردنی شتێکە.

**پیرەپیاو:** تیژکردن؟ چ تیژ دەکا؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** باش دیار نییە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەی چاو لێ بکە!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[دادێتەوە و بە خۆشحاڵییەوە ڕوو لە خەڵک]* ئەوە دەستی هەڵگرت.

*[هەمووان خۆشحاڵ دەبن.]*

**دایکی مکانیک:** یاڕەبی خودایە شوکرت.

**دوکتۆر:** ئەی چ دەکا؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** قیت دانیشتووە و کەللەی تەکان دەدا.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** چیی لە فکریدایە، مەگەم خودا بۆخۆی ڕەحممان پێ بکا!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[بە سەرسووڕمان و ترسەوە]* وەیش، وەیش!

**پیرەپیاو:** چییە؟ چ بووە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** خەریکە تفەنگەکەی دەخوا.

**مکانیک:** چ دەکا؟!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[بە جەخت لە سەر وشەکان]* تفەنگەکەی

دەخوا.

**مکانیک:** ئەو قسەیەی! تفەنگ بۆ دەخورێ!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چووزانم، هەها، لە زاریدایە. یا ڕەنگە کەلێنی ددانی پێ خاوێن بکاتەوە.

**پیاو:** بە تفەنگ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئا ئا بە سەری ئێوە.

**دوکتۆر:** شتی وا چۆن دەبێ؟ تفەنگە، خۆ دەنکەشەمچە نییە!

**مکانیک:** کوڕە برا ئەمە بە شێتمان دەزانێ، خەریکی فشەیە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چی؟ فشە؟ زۆر چاکە، جا کە وای لێ هات هەر کارم پێی نییە، کەیفی خۆتانە.

*[پشت دەکاتە خەڵکەکە و جگەرە دەکێشێ. خەڵکەکە بە دڵەڕاوکە و ترسەوە سەیری یەکتر دەکەن.]*

**پیرەپیاو:** *[بە دوودڵی و ڕێزەوە.]* کاکە، هۆی کاکە!

*[پیاوی سەر باڵکۆنەکە وەڵام ناداتەوە.]*

**دوکتۆر:** بەڕێز، دەکرێ لوتف بکەی چاوێک لێرە بکەی؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** کاکە، کاکە!

**خەڵک:** کاکە، کاکە، تکایە، تکایە!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چییە؟ چیتان دەوێ؟

**پیرەپیاو:** جارێکی دیشی چاو لێ بکەن.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەی ئەوەنییە دەڵێن فشەتان پێ دەکەم! چاولێکردنی چی؟

**پیرەپیاو:** کاکە شۆخییان دەکرد؛ تۆ بە دڵی مەگرە. تکایە بزانە چ باسە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بەڵێن دەدەن نەیکەنە گاڵتە؟

**پیرەپیاو:** ئەرێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئیدی کەس خۆ لە قسەی من هەڵناقورتێنێ؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** نا کاکە گیان.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دڵنیا بم؟

**خەڵک:** بەڵێن بێ، دڵنیا بن.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** زۆر چاکە.

*[هەڵدەستێ و چاو لە نێو خانووە چۆڵەکە دەبڕێ. هەمووان بێدەنگ و چاوەڕوانن.]*

**پیرەپیاو:** دەی، چ دەکا؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** خەریکە شتێک لەتوکوت دەلا. ئەها، فڕێی دایە سەر ئەرز.

**پیرەپیاو:** چ بوو؟

*[پیاوەکە تفەنگ بە دەستەوە لە بەر دەرگە وەدیار کەوتووە و خەریکی تەماشایە.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** شتێک بوو. ئێستاش خەریکی تاقیکردنەوەی هێزی باسکیەتی.

*[دەستی خستووەتە سەر باسکی و ماسوولکەکانی نیشان دەدا.]*

ئاوا... ئێستاش ئەوە پێدەکەنی، شتێکی پێکەنینیی وەبیر هاتووەتەوە

و پێدەکەنێ.

*[پیکەنین گرتوویە. خەڵکەکەش بێدەنگ پێدەکەنن.]*

ئەها! پێکەنینی برا، جۆرێکە، دەڵێی جاڕز بووە، وەی...

*[لەناکاو لە تەختی باڵکۆنەکە دادەنیشێ. خەڵکەکە کتوپڕ بەبێ خواست لە سەر ئەرزەکە دادەنیشن. پیاوی سەر باڵکۆنەکە بە ئەسپایی هەڵدەستێ، خەڵکەکەش وا دەکەن.]*

**پیرەپیاو:** *[بەئەسپایی]* چ بوو؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** خەریک بوو بمبینێ. *[لەگەڵ قسەکانی، سیمایشی دەگۆڕدرێ.]* ئەمجارە دەڵێی خەفەت گرتوویە، دەستی خستووەتە ژێر چەناگەی و ئاخ هەڵدەکێشێ. *[ئاخ هەڵدەکێشێ.]* بەستەزمانە، زۆر لە فکردایە، خەریکی پلان‌دانانە، کەللەی خەریکە هەڵدەنووسێ، هەر دێ و زل دەبێ، ئێستاش...، بەڵێ ئەمجارە خەوی دێ، خەریکە سەرخەو دەشکێنێ. ئەها، ئەها، سەری کەوتە سەر ئەژنۆی، ئەها، تەواو بوو. *[هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەکێشی و بە جۆش‌وخرۆشەوە]* تەواوە، خەوی لێ کەوت.

*[هەمووان هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەکێشن و چاویان بە پیاوی تفەنگ‌بەدەست دەکەوێ کە لە پشت سەریانەوە وەستاوە. پیاوی سەر باڵکۆنەکەش دەیبینێ.]*

ئافەرەم، جەنگەی خۆی گەیشتی، ئیدی بۆوە نابێ کات بە فیڕۆ بدەین. ئێستا ئیدی خەوی لێ کەوتووە و ئێوەش بەخەبەرن، تفەنگیشتان پێیە، جەنگەیەتی چارەنووسی گەڕەکەکە یەکلایی بکەنەوە؛ دەبێ قۆڵ

هەڵماڵن و ئەم دێوەزمەیە لە نێو بەرن کە هەمووانی تۆقاندووە. یەک جارە، بڕیارێکە دەیدەن و پاشان ئیدی ئازادی و ئاسوودەیی.

**پیاو:** فەرموو ئەمەش تفەنگ، جا بیدەم بە کێ؟

*[سەیرێکی هەمووان دەکا و دواجار تفەنگەکە بەرەو لای پیرەپیاوەکە دەبا.]*

**کچ:** باوکە!

**پیرەپیاو:** خۆ من نازانم تیر باوێم.

**پیاو:** دەی، ئەمەش تفەنگ، ئیدی کەیفی خۆتانە. کامتان دەزانێ پێی باوێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بۆخۆت.

**پیاو:** من بۆم جێبەجێ نابێ، هەزار بەدبەختی و گرفتاریم هەیە، ناکرێ خۆم تووشی هەڵلا بکەم، ناکرێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** هەر لە هەوەڵیشەوە دیار بوو، من ئەو خەڵکە باش دەناسم، زۆر چاکترتان دەناسم. منیش هەر لە نێو ئێوەدا بووم. لەسەر ئاو، لەسەر زەوی، لەسەر خانوو، لە شەڕوهەڵلادا، لە هەرکوێ بڵێین لەگەڵتان بووم، جوان ئاگام لێ بووە چۆنن و چ دەکەن. ئێوە هەرکام گەلێک گرفت و بەرپرسیارێتیتان لە ئەستۆ گرتووە، بەرپرسیارێتیی ژن، بەرپرسیارێتیی منداڵ، دایک و باوک، کار، ماڵ، کۆمەڵگە. دەی، ئەمانە هەمووی بەربەستن.

**پیاو:** تۆ لە خۆتەوە دەڵێی چی! نانی بێخوێ دەخۆی و ترێی سوێر دەکەنی!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** من تاقە شتێکی دەیڵێم ئەمەیە کە ئێستا کاتی خۆیەتی دەستێک بزێون.

**مکانیک:** چووزانی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** من لێرەوە هەموو شتێکم تەواو لێوە دیارە. خۆ دەزانم ئێوە باوەڕ دەکەن هەرچی دەیڵێم، ئەوەندەیە خۆتان لە گێژی دەدەن، پاشان خۆ قوتار دەکەن، خۆ پیس دەکەن، بۆ؟ دەترسێن بۆیە! دایمە دڵتان تۆقیوە. جا چ دەکەن؟ هەر خۆ گرمۆڵە دەکەن، هەر دەچنە نێو خۆتانەوە، هەتاوەکوو ئیفلیج دەبن و ئیدی جووڵەتان لێ دەبڕدرێ.

*[هەمووان لە بێدەنگیدا گوێیان شل کردووە. دەنگێک دەبیسترێ و پاش دەمێک تەکسییەکی بارهەڵگر دێتە نێو گۆڕەپانەکە، بە هەواڵنێرێکی کەڵەگەتەوە کە لە پشت ئۆتۆمبیلەکە بەپێوە وەستاوە و پێداویستییەکانی وێنەگریی بە ملییەوە هەڵواسیوە.]*

**شۆفیر:** *[دەرگەی ئۆتۆمبیلەکە دەکاتەوە.]* هەرئێستا پۆلیس دەگاتێ، ئێمە زووتر گەیشتینێ. *[دادەبەزێ.]* ئەمە بەڕێز «فۆتۆ»یە، هاتووە وێنە بگرێ و ڕاپۆرت بنووسێ. دەی، کارتان بە ئێمە نییە؟

**خەڵک:** دەست خۆش، ماڵت ئاوەدان بێ، خودا جەزای بەخێرت بداتەوە، ئاسوودەت کردین.

**شۆفیر:** نا نا ئەمە چ قسێکە، ئەرکی خۆم بوو.

*[هەواڵنێرەکە دادەبەزێ و شۆفیرەکە سوار دەبێ و دەڕوا.]*

**هەواڵنێر:** *[تەڕپۆش و قۆز]* دەی بەڕێزان، چ باسە؟ چ قەوماوە؟

*[پێنووس و کاغەز دێنێتە گۆڕەوە و ئامادەی نووسین دەبێ.]*

**پیرەپیاو:** دێوەزمەیەک هاتوە لەو نێوەدا خۆی شاردووەتەوە.

**هەواڵنێر:** دێوەزمە؟

**دوکتۆر:** هێشتا جوان دیار نییە چییە و چ نییە بەڕێز گیان.

**پیرەپیاو:** واتە ڕەنگە دز بێ، پیاوکوژ بێ، یا نا بۆ...

**کچ:** باوکە، بەسە ئیدی، تۆ چیت لێ داوە؟

**هەواڵنێر:** کەواتە تا ئێستە کەس نەیزانیوە بە تەمای چییە.

**پیاو:** بەڵێ کاکە.

**هەواڵنێر:** چەکی پێیە؟

**پیرەپیاو:** بەڵێ کاکە، چەک چ چەک!

**هەواڵنێر:** دەی بەڕێزان، هاتنی ئەم بێگانەیە باری گەڕەکی چۆن گۆڕیوە؟ *[لە حاڵی یادداشت کردندا]*

**دوکتۆر:** هەمووان تۆقیون و هەست بە مەترسی دەکەن.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بەڵێ کاکە، یەک کەسیش خەوی بە چاویدا نەهاتووە.

**هەواڵنێر:** زۆر چاکە، زۆر چاکە. *[کامێرایەکی فلەشدار ئامادە دەکا.]*

باشە بەڕێزان، دوور بنەوە تکایە، دوور بنەوە، تۆزێک ڕێ بکەنەوە. سپاس. هەوەڵێ وێنەیەک لە شوێنی ڕووداوەکە.

*[هەڵدەبەزێتەوە و فلەش لێ دەدا و جێ دەگۆڕێ.]*

وێنەیەکی دیکە لە شوێنی ڕووداوەکە.

*[فلەش لێ دەدا و جێ دەگۆڕێ.]*

ئەمەش وێنەی سێهەم لە شوێنی ڕووداوەکە.

*[فلەش لێ دەدا و ڕوو لە خەڵکەکە.]*

جا ئەمجارە نۆبەی گەڕەکە.

*[لەملا بۆ ئەولا دەچێ و بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و خێراخێرا وێنەی خانووەکان و گۆشەی و کەلێنی گەڕەک و کۆڵانەکانی گۆڕەپانەکە دەگرێ.]*

دەی بەڕێزان، تکایە لە پاڵ یەک ڕاوەستن، دەمەوێ چەند وێنەش لە دانیشتووانی بەڕێز بگرم، قیت ڕاوەستن، کۆ ببنەوە، کۆ ببنەوە، سپاس.

*[خەڵکەکە بە حەز و جۆشەوە ڕیز دەبن و ڕاست و چەپ قیافەی جۆراوجۆر دەگرن. هەواڵنێرەکە فلەش لێ دەدا.]*

سپاس. *[جیددی.]* دەی، یەکەم جار کێ دێوەزمەکەی دیت؟

**پیرەپیاو:** من دیتم قوربان، من دیتم.

**هەواڵنێر:** کەواتە فەرموو لێرە ڕاوەستە.

*[دەستی دەگرێ دەیبا لە پێش خانووە چۆڵەکە ڕایدەگرێ. پیرەپیاوەکە سیمایەکی بەشکۆ دەداتە خۆی و هەواڵنێرەکە وێنە دەگرێ.]*

سپاس.

**پیرەپیاو:** جوان بوو؟

**هەواڵنێر:** یەکجار! دەی بەڕێزان، ئێستە بۆ دروستکردنی ڕیپۆرتاژ پێویستم بە... بە زۆر شتە. هەڵبەت پاش بڵاوبوونەوەی ئەم ڕووداوە، دەبینن چارەنووسی گەڕەکەکە چۆن دەگۆڕدرێ.

**دوکتۆر:** هەرچێکی لە دەستمان بێ کەمی دانانێین.

**هەواڵنێر:** هەر لێرەوە سپاس و پێزانینم هەیە.

*[بۆ پیرەپیاوەکە.]* دەمەوێ داخوازێک لە بەڕێزتان بکەم.

**پیرەپیاو:** فەرمووو قوربان.

**هەواڵنێر:** دەکرێ بفەرمووون ئەم دێوەزمەیە چۆن هات و چیی کرد و چۆن چووە ژوورەوە؟

**پیرەپیاو:** گیانم بۆت بڵێ، نزیک دوو ساڵە تووشی ناڕەحەتیی میزڵدانم و ناچارم شەوانە شەش حەوت جاران، دوور لە ڕووتان...

**پیاوی سەر باڵکۆن:** لە بنی کوولەکەی دەین، ئەو بەڕێزە چرکەمیزێتی...

**کچ:** باوکە توخوا لە کۆڵ ببەوە.

**پیرەپیاو:** لە کۆڵ چی ببمەوە کچەتیوە حۆلە!

**کچ:** باشە خۆ ئەم قسانە هیچ سوودی نییە، هەر بڵی چۆن دیتووتە و تەواو.

**هەواڵنێر:** بەڵێ، خانم ڕاست دەفەرمووێ، باشتر وایە خودی مەسەلەکەمان بۆ... بە جۆرێک پێمان نیشان بدەن.

**پیرەپیاو:** *[تێ نەگەیشتووە.]* چۆنی نیشان بدەم؟ هات و چووە ژوورەوە...

**هەواڵنێر:** ببوورە، پێموایە ئێوە لێم تێ نەگەیشتن. با وای دانێین ئێوە دێوەزمەکەن...

**پیرەپیاو:** دەی؟

**هەواڵنێر:** ئێستە پێمان بڵێن با بزانین چۆن دەڕۆیشت و چۆنی دەڕوانی و...

**پیرەپیاو:** ئەها، زانیم؛ واتە دەتانەوێ لاسایی بکەمەوە؟ ها؟

**هەواڵنێر:** بەڵێ، شتێکی وا.

**کچ:** باوکە!

**پیرەپیاو:** تۆ دەمت داخە.

*[بۆ هەواڵنێرەکە]* بۆوەی باسەکە ڕوون ببێتەوە، هەرچی لە دەستم بێ دەیکەم.

**هەواڵنێر:** سپاس.

**پیرەپیاو:** *[بیر دەکاتەوە و هەوڵ دەدا بە بیری بێتەوە.]* لەو کۆڵانە هاتە دەرەوە و...

**هەواڵنێر:** وتنی ناوێ ئیدی، نیشانمان بدەن، نیشانی بدەن.

**پیرەپیاو:** زۆر چاکە.

*[لە دیمەنی شانۆکە دەچێتە دەرەوە. هەواڵنێرەکە سەرقاڵی ئامادەکردنی کامێرایە.]*

**پیرەپیاو:** *[لە دەرەوەی دیمەنی شانۆکەوە.]* دەست پێ بکەم؟

**هەواڵنێر:** دەقەیەک ڕاوەستن.

*[کارەکەی کۆتایی دێنی و کامێراکە ئامادەیە.]*

جا دەست پێ بکەن.

**پیرەپیاو:** ئەمجار ئێوە دەقەیەک ڕاوەستن.

*[دەنگی کۆخینی پیرەپیاوەکە.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چرکەمیزی گرتووە.

**پیرەپیاو:** ئامادە؟

*[هەمووان لادەچن و ڕێگە دەکەنەوە. پیاوەکە بە چاوی لەژێڵاهاتوو و پەنجەی چنگ‌کراو، پشت‌کووڕ، لە حاڵێکدا کە بە قۆڕەقۆڕ دەڕوا و مرخەمرخێتی، لە کۆتایی کۆڵانەوە وەدیار دەکەوێ. هەمووان سەیری دەکەن. پیرەپیاوەکە بە لۆژەلۆژ بەرەو خانووە چۆڵەکە دەڕوا. هەواڵنێرەکە بە جووڵەجووڵ و خۆ چەپ‌وچیرکردن لە چەپ و ڕاست و پاش و پێشەوە وێنەی پیرەپیاوەکە دەگرێ.]*

**هەواڵنێر:** سپاس. سپاس کاکی بەڕێز، زۆر زۆر سپاس.

*[پیرەپیاوەکە کاتێک دەگاتە دەرگەی خانووە چۆڵەکە دەقەیەک لەو بارەدا دەمێنێتەوە و پاشان بۆ لای خەڵکەکە دەگەڕێتەوە.]*

**کچ:** بەسە باوکە، بەسە ئیدی حەیات بردین! جا لە سبەیەوە چۆن سەر هەڵێنین!؟

**پیرەپیاو:** بە تۆ چی کچەتیوە زۆربڵێیە؟ هەڵبەت ئەم بەڕێزە شتێکی دەزانێ کە ئەم داوایەی لێ کردووم.

**هەواڵنێر:** نارەحەت مەبن خانم، ئەمە لە پیاوەتیی خۆیەوە بوو.

*[بۆ پیاوەکە]* زۆر سپاس بەڕێزم.

**پیرەپیاو:** تکایە، ئەرکە.

**هەواڵنێر:** تا پۆلیس نەهاتووە، ئیزنم بدەن ڕای یەک‌بەیەکتان سەبارەت بە خودی ڕووداوەکەوە بزانم. لەپێشدا خانمی بەڕێز.

*[ڕوو لە کچەکە.]* ڕای ئێوە لەسەر ڕووداوەکەی ئەمشەو چییە؟

**کچ:** وەڵڵا هیچ ڕایەکی وام نییە.

**هەواڵنێر:** باشە، کوا وا دەبێ؟ ئێوە لە هەوەڵی بەسەرهاتەکەوە...

**پیاوی سەر باڵکۆن:** هەی ماشەڵڵا، دە دەقە نابێ هاتووە، سەری قسەی کردەوە! زۆر زیرەکی ها مامەگیان! لە کۆڵ دراوسێی ئێمە بەوە.

**هەواڵنێر:** *[کە سووک و چرووک بووە و حەیای بۆ نەماوە، وا زەق سەیری پیاوی سەر باڵکۆنەکە دەکا گوایە شیاوی ئەوە نییە وەڵامی بداتەوە و بۆ لای پیرەپیاوەکە دەچێ.]* ئێوە بەڕێز، ڕای ئێوە چییە؟

*[خەریکی یادداشت کردن دەبێ.]*

**پیرەپیاو:** بە ڕای من هەرچۆنێکی بێ دەبێ دەریکێشینە دەرەوە.

**هەواڵنێر:** *[ڕوو لە پیاوەکە.]* ئەی ئێوە؟

**پیاو:** من باوەڕم بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵایەتیدایە و و پێموایە ئاسایش بناغە و بنە... بناغە و بنە... بناغە و بنە...

**هەواڵنێر:** بەڵێ، بەڵێ، ڕاستە.

*[بۆ مکانیکەکە]* ڕای بەڕێزتان؟

**مکانیک:** *[زۆر جیددی]* من عەباس فەلاح، مکانیکی گەراژی پارس، خاوەن ژمارە ناسنامەی چوار هەزار و پێنسەد و سی و شەش، لە سەر ئەم باوەڕەم کە بڕیارەکانی دەسەڵاتدارەکان تاقە زەمانەتی مانەوەی وڵات و گەلە.

**هەواڵنێر:** ئافەرەم، ئافەرەم!

*[بۆ دوکتۆرەکە]* ئێوەی بەڕێز ڕاتان چییە؟

**دوکتۆر:** گوێتان لە دەنگی دوکتۆر سەباتییە. وێڕای سپاس بۆ ئەم هەلەی بە من دراوە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند نوکتە بکەم. بە

ڕای من پێداویستی و کەم‌وکووڕییەکانی ئەم گەڕەکە لە چەند نوکتەدا خولاسە دەبنەوە: لە پلەی یەکەمدا، نەبوونی لێپرسراوی ئاسایش و ڕێکخستن و دیاری‌کردن و جیاکردنەوەی گەڕەکەکەیە لە ئاست کاروبارە ڕێکخەرییەکان. لە پلەی دووهەمدا قیرتاوکردن و چاک‌کردنەوە و لێدانی جاددەیە کە لێخوڕینی ماشێنی دژوار کردووە. یەکێکی دیکە لە پێداویستییەکانی گەڕەک، تەلەفون و کارەبایە. لە هەمووان گرینگتر کە پێویستە بەرپرسیاران سەرنجی بدەنێ، پێویستیی ناوێکی شیاو بۆ گەڕەکەکەیە؛ چون لە جەژن و بۆنە و ڕێ‌وڕەسمە نەتەوەیی و ساڵڕۆژە مێژووییەکاندا ئێوە دەبێ هەستە قووڵەکانی خەڵکی گەڕەک لە ڕۆژنامەکاندا بگوازنەوە و لەم دۆخەشدا بوونی ناوێکی شیاو بۆ ئەم گەڕەکە زۆر بەرچاو و پێویست دەنوێنێ. من وەک ئەرکی خۆم ئامادەم کەڵک لەو ناو و ئاوازەیە وەرگیرێ کە لە پزیشکیدا و بە هۆی خزمەت بە هاووڵاتییانەوە بە دەستم هێناوە و گەڕەکەکە بە ناو دوکتۆر سەباتی بکەین. تکایە بەتایبەت ئەم مەسەلەیە بە فۆنتی گەورە لە ڕۆژنامەکەتاندا بخەنە ڕوو.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[پێدەکەنێ.]* ئەم دوکتۆرە بەڕێزە لە باب‌مردوو دەگەڕێ.

*[ بۆ هەواڵنێرەکە]* گوێ بدەیە، لە ڕۆژنامەکەتدا بنووسە یەکێک لە دانیشتووە بەڕێزەکان پێشنیاری داوە ناوی ئێرە بنێن گەڕەکی جوامێر.

*[دەنگی ئاژیری پۆلیس نزیک دەبێتەوە.]*

**هەواڵنێر:** *[ئاڵۆز و سەرلێشێواوە.]* بەڕێزان فەرموون بۆولاوە، فەرموون

بۆولاوە، تکایە.

*[هەمووان ڕێگە دەکەنەوە. وێنەگرەکە خۆ وەپێش دەدا و بە هەڵبەزدابەزەوە وێنە دەگرێ. ئەفسەرێکی پۆلیس و پاسەوانێک دێنە ژوورەوە. دوکتۆرەکە دەچێتە پێشەوە و لەگەڵ ئەفسەرەکە تەوقە دەکا و دەستی ئەفسەرەکە لە دەستیدا ڕادەگرێ. هەمووان لە پشتیانەوە دەوەستن. وێنەگرەکە وێنە دەگرێ.]*

**ئەفسەر:** چ بووە؟

**هەواڵنێر:** گەورەم، ڕووداوێکی سەیر. خەڵکە گەڕەک دەڵێن دێوەزمەیەک هاتووە و لەم خانووەدا خۆی شاردووەتەوە.

**ئەفسەر:** خاوەنی ئەم ماڵە کێیە؟

**پیرەپیاو:** خاوەنی لە کوێ بوو؟!

**ئەفسەر:** کەواتە بێخاوەنە؟

**پیاو:** دیار نییە.

**ئەفسەر:** *[بیر دەکاتەوە.]* کەواتە ئێمە هەقمان نییە بچینە خانووی خەڵکەوە. پێویستی بە ئیزنی فەرمییە.

**دوکتۆر:** ئیزنی کێ؟

**ئەفسەر:** یا خودی خاوەن‌ماڵەکە و یا ئیزنی فەرمیی دادوەر.

**پیرەپیاو:** ئەی ئێستا قوڕی کوێ بکەینە سەرمان؟

*[ئەفسەرەکە لە درزی دەرگەوە سەیری نێو خانووەکە دەکا.]*

**پیاو:** ئەی ئەگەر شتێک ڕووی دا؟

**ئەفسەر:** ڕووداوی چی؟

**پیرەپیاو:** بۆ ئێوە هەست بەم مەترسییە ناکەن؟

**ئەفسەر:** با، بەڵام ئیدی ئەمە پێوەندیی بە ئێوەوە نییە. ئێوە ئاسوودەخاتر بڕۆنەوە ماڵەکانتان، تا بەیانی کە بەدواداچوونی بۆ دەکەین. *[ڕوو لە پاسەوانەکە.]* ئێوە لێرە دەبن و ئاگاتان لە وەزعەکە دەبێ.

**پاسەوان:** بەڵێ گەورەم.

*[خەڵکەکە ڕازین. ئەفسەرەکە لەگەڵ هەواڵنێرەکە دەچنە دەرەوە.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەوە هەموو شتێک جێبەجێ بوو. جا بڕۆنەوە تەخت بۆی بنوون.

*[لە خانووە چۆڵەکەوە دەنگی بەربوونەوەی شتێک بەرز دەبێتەوە. هەمووان بێدەنگ دەوەستن.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** چ باسە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[لە حاڵێکدا کە چاوی بڕیوەتە خانووە چۆڵەکە.]* ئەها، هەستاوە!

**پیرەپیاو:** هەستاوە؟

**کچ:** باوکە وەرە با بڕۆینەوە ژوورەوە.

**دایکی مکانیک:** *[کوڕەکەی دەکشێنێتەوە.]* تۆ واوەرە، کارت پێی نەبێ.

**دوکتۆر:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* بزانە بە تەمای چییە.

**پیاو:** ئاگات لێی بێ.

**کچ:** باوکە وەرە ئەملاوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[بە کونجکۆڵییەوە سەیری نێو خانووە چۆڵەکە*

*دەکا.]* هەستاوەتە سەر پێ، خەریکە خۆی ڕێک‌وپێک دەکا.

*[لە خانووە چۆڵەکەوە دەنگەدەنگ دێ.]*

هەرچی لە پێشی بێ شەقێکی لێ دەدا. وەی وەی، گوێی شل کردووە! دەنگەدەنگ مەکەن، خەریکە دێتە خوارەوە.

**خەڵک:** *[بە ترسەوە]* ئەوە دێ، وریا بن! چ بکەین؟ لاچن.

*[پەنا دەبەنە پاسەوانەکە.]* دەستێک ببزێوە، شتێک بکە!

**پاسەوان:** چ باسە، ئەوە بۆوا دەکەن؟ لاچن، بڕۆنەوە ماڵەکانتان، بڕۆن خۆ بشارنەوە.

**پیاو:** شتێک بکە، پێشی بگرە، دەستبەسەری بکە.

*[هەمووان ڕادەکەن و لە پشت دەرگەکان و سووچی کۆڵانەکان خۆ مات دەدەن. پاسەوانەکە لە گۆشەیەک کەمینی گرتووە و تفەنگە حەوتیرەکەی ئامادە کردووە و نیشانەی لە خانووە چۆڵەکە گرتووە. دەرگەی خانووە چۆڵەکە بە دەنگێکی زل و ناڕێک دەکرێتەوە. سەرەتا دەستێک بە گۆپاڵەوە بۆ لای دەرەوە دێ و پاش دەمێک بووکەڵەیەکی زۆر گەورە و لە پشت سەری ئەویشەوە پیرەژنێک کە گەلێک خلخلەوبلبلەی بە خۆیەوە هەڵواسیوە دێنە نێو دیمەنەکە. پیرەژنەکە بووکەڵەکە دادەنێ و لە سەر پلیکانەکان دادەنیشێ، لەتە نانێک دەردێنێ و دەست دەکا بە کرۆژتنی.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[بە دەفرێکی پڕەوە دێتە سەر باڵکۆنەکە. لە حاڵێکدا کە لەبەر پێکەنین ئامانی لێ هەڵگیراوە.]* نەنەعەلی، هۆی نەنە!

*[پیرەژنەکە سەری هەڵدێنێ و بێسەرنج و بێدەنگ پێدەکەنێ.]*

دەردت دانێ دەرد! بە خۆشیی خۆت.

*[دەفرەکەی بە گەروودا دەکا. خەڵکەکە وڕوکاس نزیک دەبنەوە و سەیری پیرەژنەکە دەکەن.]*

# ئەوان

دیمەن: هەمان دیمەنی «ئەمان». نیوەشەو لایداوە، تاقە چرایەک دەئایسێ، چرای خانووە باڵکۆندارەکە و چەند چراخەو لە پشت پەنجەرە. دیمەنەکە بەتاڵە. دەستەیەک چەتە بە لۆژەلۆژ لە دوو کۆڵانی بەرامبەرەوە وەدیار دەکەون. هەرکام خەنجەرێکیان بە لای ڕاستی کەمەرەوە و دەستەکلیلێک بە لای چەپەوەیە. بێدەنگ دێن و خانووە چۆڵەکە پڕ دەکەن. پاش دەمێک پێپلیکانەی خانووی پیرەپیاوەکە ڕووناک دەبێ. دەنگی دەمەقاڵە و هەڵڵایەکی توند لە پشت دەرگەوە دەبیسترێ. دەرگەکە کراوەتەوە و پیرەپیاوەکە و کچەکە وەدیار دەکەون. کچەکە توند بە هەردوو دەست پیرەپیاوەکەی گرتووە و ناهێڵێ بێتە دەرەوە.

**کچ:** ناهێڵم باوکە، ئەمجارە ئیدی ناهێڵم.

*[دەستی پیرەپیاوەکەی گرتووە و دەیکێشێتەوە ژوورەوە.]*

**پیرەپیاو:** دەڵێی چی ئەوە؟ دیتمن، بەو چاوانەی خۆم دیتمن! بەرمدە، بەرمدە کچەتیوە نەفامە! بەرمدە با بزانم قوڕی کوێ بکەین بە سەرمان.

**کچ:** ئیدی ناهێڵم خەڵک گاڵتەت پێ بکەن.

**پیرەپیاو:** گاڵتەی چی؟ دەست نەبزێوین هەموو گەڕەک سەری تێدا دەچێ.

**کچ:** گوێ بدەیە باوکە، حاڵت باش نییە، بە خودا ئەمە هەمووی خەیاڵە.

**پیرەپیاو:** کچێ دەڵێم بۆخۆم دیتمن، بەم جووتە چاوانەم.

**کچ:** خەونت دیوە باوکە، بە خودای خەونت دیوە.

**پیرەپیاو:** خەونی چی؟ ئەخر لە پشت پەنجەرەی مستەڕاحەوە خەون دەبینێ پیاو؟

**کچ:** دەی هەڵبەت چاوت ڕەشکەوپێشکەی کردووە.

**پیرەپیاو:** ڕەشکەوپێشکەی چی؟

**کچ:** لە کەللەی داوی.

**پیرەپیاو:** بۆخۆت لە کەللەی داوی، جەددوئابادت لە کەللەیان داوە! بەرمدە کچێ!

**کچ:** *[داماو]* باوکە، تکایە، تکایە! بە تەمای چیی؟

**پیرەپیاو:** دەبێ دراوسێکان ئاگادار بکەینەوە، دەبێ بیانهێنینە دەرەوە، فکرێک چارەیەک شتێکی بۆ ببینینەوە. خۆ ئاوا نابێ دەستەوئەژنۆ دانیشین.

**کچ:** نا باوکە، کارت بە خەڵکی نەبێ؛ لە سبەیەوە ئیدی سەرمان لەکن خەڵکی هەڵنایە. کەس باوەڕ ناکا، هەمووان دەڵێن شیت بوویی، خەیاڵ هەڵیگرتووی.

**پیرەپیاو:** زۆر زۆر بێجێ دەکەن، غەڵەتیان کرد لەگەڵ حەوت

پشتیان! ئای‌ئای! ئەم قسە قۆڕانە مەگەم تۆ بیخەیە سەر زاریان.

**کچ:** گوێ بدەیە باوکە.

**پیرەپیاو:** چییە؟ ها؟ چییە؟

**کچ:** وەرە با بچینەوە ژوورەوە، تا بەیانی لە پشت پەنجەرەوە کێشک دەدەین، ئەگەر باسێک بوو جا وەخۆ دەکەوین.

**پیرەپیاو:** ئەودەم ئیدی تازە قەوماوە. حاڵی نابی؟

**کچ:** باوکە، ئابڕووی خۆت دەبەی، مێشکت تێکەڵە، باری دەروونیت باش نییە.

**پیرەپیاو:** ئاگات لە زارت بێ دەڵێی چی! یەکی وا لە دەمت دەدەم ددانت لە زاریدا نەمێنێ ها!

*[خۆی لە دەستی کچەکە دەرباز دەکا و دەچێتە نێوەڕاستی گۆرەپانەکە.]*

**کچ:** باوکە، باوکە!

*[پیرەپیاوەکە دەیەوێ دراوسێیی خانووە باڵکۆندارەکانە ئاگادار بکاتەوە، کە دەرگە دەکرێتەوە و پیاوی سەر باڵکۆنەکە دێتە گۆرەپانەکەوە. ترساوە.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** وست! سەبر، سەبر!

*[پەنجەی دەخاتە سەر دەمی و ئاماژە بە خانووە چۆڵەکە دەکا.]*

**پیرەپیاو:** ئێوەش... ئێوەش دیتتان؟

**کچ:** درۆ دەکا کاکە، خەیاڵ هەڵیگرتووە، چاوی ڕەشکەوپێشکەی کردووە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** وست! ئەو دەنگەدەنگەت لە چییە کچی باش؟ هێواشتر، گوێیان لێ دەبێ!

**کچ:** گوێیان لێ دەبێ؟ کێ گوێی لێ دەبێ؟ *[سەرسوڕماو.]*

**پیرەپیاو:** بێدەنگ!

**کچ:** ئەرێ ئەوە دەڵێن چی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** هێواشتر. ئەوە بۆوا دەکەن! بەتەمان تووشی گۆنگەڵمان بکەن؟

**کچ:** گۆنگەڵی چی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەگەر هەست پێ بکەن و بێنە دەرەوە چ بکەین؟

**کچ:** هەستی چی؟

*[بۆ پیرەپیاوەکە.]* باوکە بە خودای ئەم پیاوە فشەت پێ دەکا، خەریکی گاڵتەیە، ئەوە بۆیە وا دەکا بتترسێنێ، دواییش پێت پێبکەنێ.

**پیرەپیاو:** بیبڕەوە! زارت بە بڕێن چێ کچەتیوە بێحەیایە!

*[کچەکە بە داماوی بەرەو دەرگەی ماڵەوە دەڕوا. پیرەپیاوەکە بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* ئێستا چ بکەین؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەبێ خەڵکی ئاگادار بکەینەوە.

*[پیاوی سەر باڵکۆنەکە لە زەنگی دەرگەی پیاوەکە دەدا. ماوەیەک چاوەڕوانی.]*

**پیاو:** *[لە پەنجەرەوە مل دەکێشێ.]* چییە؟ چ باسە؟ چ بووە؟

**پیرەپیاو:** دز کاکە، دز! لەشکەرێک دز!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** وەرنە خوارەوە کاکە، وەرن یارمەتی بدەن.

دەستەیەک چەتە، دەستەیەک چەتە!

**کچ:** درۆیە، درۆ دەکەن کاکە، باوەڕ مەکەن.

*[پیاوی سەر باڵکۆنەکە و پیرەپیاوەکە هێرش دەبەنە کچەکە.]*

**پیرەپیاو:** دە بڕۆ بە ملی شکاوت!

*[کچەکە لە پشت دەرگە خۆی دەشارێتەوە.]*

**پیاو:** ئەرێ بەم نیوەشەوە چیتان دەوێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەمجارەیان مەسەلەکە جیددییە کاکی بەڕێز، ئەو نێوە پڕ پڕە.

**پیاو:** پڕە؟ پڕە لە چی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** پڕە لە دز، چەتە، دەستەیەک نەناس.

**پیاو:** کوڕە کاکە دەست هەڵگرن، دزی چی و شتی چی! بڕۆن بنوون. چەتەی چی! چ خۆشییەکتان پێ دەگا خەڵکی لە خەو دەکەن؟ ها؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** وست، هێواشتر، تکایە هێواشتر. بڕواتان بێ هیچ نییەتێکی خراپمان نییە، فێڵ و کەڵەک نییە، هەرچێکی دەیڵێین ڕاست ڕاستە.

**پیرەپیاو:** بە ئیمامی حوسەین، بە دەستە بڕاوەکانی ئەبولفەزل درۆ ناکەین.

**پیاو:** سوێندێ بۆ دەخۆی؟ دەتەوێ باوەڕت پێ بکەم؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەمجارە هەردووکمان دیتمان، هەردووکمان!

**پیاو:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* کەواتە تۆش دیتت، ها؟ وەڵڵا باشە، ئیدی تەواوتەواو باوەڕم کرد!

*[بۆ پیرەپیاوەکە]* مامەگیان، تۆ بۆ ئاقڵی خۆت لە مست ئەم کابرایە ناوە؟ بڕۆ بنوو مامە، چیت پێ دەگا ئازاری خەڵکی بدەی؟

*[پەنجەرەکە دادەخا.]*

**پیرەپیاو و پیاوی سەر باڵکۆن:** کاکە... کاکە... گوێ بدەنێ.

*[بێهیوا سەیری یەکتر دەکەن.]*

**پیرەپیاو:** چ بکەین؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەبێ ئەوانی دی ئاگادار بکەینەوە، خۆ نابێ هەروا لێی گەڕێین بە تەمای خودا.

**پیرەپیاو و پیاوی سەر باڵکۆن:** *[کتوپڕ و پێکەوە]* هۆی، بگەنێ، بگەنێ! دز، خەڵکینە، دز! دز! بیانگرن! وەرن بگەنێ!

**کچ:** باوکە! باوکە! باوکە!

*[پیرەپیاوەکە و پیاوی سەر باڵکۆنەکە لە کۆڵانەکاندا بزر دەبن. دەنگی زەنگی ماڵەکان و مستلێدان لە دەرگەکان دەبیسترێ. هاتوهاواری ئەو جووتە وڵاتی هەڵگرتووە. خەڵکە گەڕەکەکە یەک یەک وەدیار دەکەون، هەمووان خەواڵوو و بە جلی ژوورەوە.]*

**دوکتۆر:** چ بووە؟ چ قەوماوە؟

**پیرەپیاو:** بەڕێز دوکتۆر، فریا بکەون، بگەنێ، هەموومان لە مەترسیداین، گیان و ماڵ و نامووسی هەموومان لە مەترسیدایە.

**مکانیک:** چ بووە؟ دیسان چ بووە؟

**پیاو:** هیچ کاکە، دیسان گاڵتە و فشەی ئەو شەوەیە.

**پیرەپیاو:** گاڵتە و فشەی چی؟ ئەوە بۆ حاڵی نابن؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەوە دیسان دەتەوێ بەزمی دزەکە بگێڕی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بەزم و مەزم نییە، شتەکە زۆر جیددییە.

**پیرەپیاو:** بەڕێزان، ئەو نێوە پڕە، یەک و دووش نین.

**دوکتۆر:** پڕ لە چی؟ ها؟ چی؟

**پیرەپیاو:** دەستەیەک چەتە، هەمووش یەک قەدوقەڵافەت.

**دوکتۆر:** *[بە بێبڕوایی]* دەی؟

**پیرەپیاو:** هەمووان بەڕێز، لە پشت سەری یەکترەوە هاتن و یەکبەیەک چوونە ئەو نێوە، ئێستاش پڕپڕە.

**دوکتۆر:** باوکم، تۆ پێموایە ئاخری شتێکت بە سەر دێ!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** من دەڵێم دیسان لەو کتێبانەی خوێندووەتەوە.

**مکانیک:** دیارە ئیدی.

**دایکی مکانیک:** *[بۆ کچەکە]* ئەگەر شەوانە تۆزێک کەمتری لە پێش دانێی، بەردڵی نەگیرێ، ئیدی ئاوا خەونی ئاڵۆز نابینێ.

**میکانیک:** باشە پێم بڵێن بزانم چەتە چییە، ئەمەتان لەکوێوە هێناوە!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** چەتە هی نێو چیرۆکەکانە، قەدیم بە دزی سەری گەردەنەیان دەوت چەتە.

**پیرەپیاو:** *[داماو]* تۆخودا، کارێک بکەن، چارەیەک بیبننەوە.

**کچ:** بۆ درۆ دەکەی باوکە؟ *[بۆ خەڵک]* باوەڕی پێ مەکەن، هەمووی خەونە، چاوی ڕەشکەوپێشکەی کردووە، قسەی خۆیەتی.

**پیرەپیاو:** *[بۆ کچەکە]* قسەی خۆمە؟ ها؟ خەیاڵ هەڵیگرتووم دەمدرێژی بێچاوەڕوو؟ وای ناخۆی! بزانە چت لێ دەکەم! بەو دەستانەی خۆم دەتکوژم، دەتخنکێنم!

*[پەلاماری کچەکە دەدا، کچەکە ڕادەکاتە ژوورەوە. پیرەپیاوەکە دەگەڕێتەوە.]* کچەتیوە گەمژەیە قسە لە قسەی من دەکا!

*[ڕوو لە خەڵک]* بەو چاوانەی خۆم دیتم، ئەم بەڕێزەش دیتوویە؛ با ئەمنیش هەڵەم کردبێ، ئەو چی؟

**پیاو:** بەڕێزان، من دەڵێم هەموو ئەو ئاورە لە گۆڕی ئەمە هەڵدەستێ.

*[ئاماژە بە پیاوی سەر باڵکۆنەکە دەکا.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** من؟

**پیاو:** بەڵێ، بەڵێ، جەنابت! *[ڕوو لە خەڵک]* هەر شەوە و دەیەوێ قەشمەرێک بەو خەڵکە بگێڕێ.

**کچ:** بەڵێ کاکە، هەموو خەتای ئەوە. ئەوە باوکمی ناچار کرد بیکاتە هاتوهاوار، ئێوە لە ماڵەکانتان بێنێتە دەرەوە.

**دوکتۆر:** ئەرێ بەڕێز، *[دێتە پێشەوە.]* ئێوە چیتان لەو خەڵکە دەوێ؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** هەموو خەتای ئەو شووشەیەیە، من دەزانم ئەو لامەسەبە چ دەکا! دەخواتەوە، سەری گەرم دادێ و دێتە دەستەی خەڵکی.

**دوکتۆر:** *[بۆ خزمەتگوزاری قوتابخانەکە]* زۆر باشە.

*[ڕوو لە پیاوی سەر باڵکۆنەکە.]* ئێستا دەڵێی چی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئێمە دەڵێین ئەو نێوە پڕە، ئێوەش باوەڕ ناکەن.

**مکانیک:** هەقمانە ئیدی.
**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەی ئەو شەوەتان لە بیر نییە؟
**پیاو:** هەر لە سەر ئەو شەوەڕایە کە باوەڕت پێ ناکەین.
**پیاوی سەر باڵکۆن:** لە بیرتان نییە چیم پێ وتن؟
**دوکتۆر:** بەدی بەڕێز، قسەی بێسەروبن، بێڕێزی.
**پیاو:** گاڵتە و فشە.
**مکانیک:** کە هەر شایەنی خۆت بوون.
**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەی دوایین قسەکانم؟ لە بیرتان نییە؟
**مکانیک:** *[بە توندوتیژییەوە]* نەخێر لە بیرمان نییە! دەڵێی چی ئەوە؟
**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بۆ مەگەم وەحی بوو لە بیرمان بمێنێ؟
**پیاوی سەر باڵکۆن:** درۆ دەکەن، هەموویتان لە بیرە. *[زەردەخەنە دەکا.]*

**پیاو:** گوێ بدەنێ بەڕێزان، ئەم کابرایە بەم قسانەوە دیارە خەیاڵی خراپی لە سەردایە، دەیەوێ کارێک بکا وەزعەکە بشێوێ، هەڵلا ساز بێ، دەیەوێ هەمووان تێک بەردا، ئاسایش و ئاسوودەیی خەڵک نەهێڵێ.
*[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە.]* پێتوایە نازانم؟ تۆ نێردراوی، سیخوڕی، بۆ ئەم کارانەت پووڵ وەردەگری.
**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەی؟
**پیاو:** دەی و سندان!
**مکانیک:** لە بنی کوولەکەی دە بزانم چیت دەوێ؟
**پیاوی سەر باڵکۆن:** قسەی من ئەمەیە کە بەتەمان تاڵانتان بکەن،

دەیانەوێ بتانڕووتێننەوە، دەیانەوێ بێنە سەرتان و مەفعتان بکەنەوە.

**پیاو:** *[ترس هەڵیگرتووە.]* من باوەڕ بەم قسانە ناکەم.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بۆ؟

**پیاو:** باوەڕ بە هەموو کەس بکەم، بە تۆی ناکەم.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** خۆت فریو دەدەی.

**پیاو:** تۆ بڵێی شەوە، من دەڵێم نا ڕۆژە. ئەگەر تۆ بڵێی تاریکە، دەڵێم نەخێر ڕووناکە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** جا ئەوە بۆ؟

**مکانیک:** یانی ئەوەندە ڕقمان لێتە، ئەوەندە دڵپڕین لێت.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** کەیفی خۆتانە! ڕقتان لێم بێ، لاساری بکەن، هەر بە زەرەدی خۆتانە. من دەڵێم بەم چاوانەی خۆم دیتوومە دەستەیەک هاتن چوونە ئەم نێوە، ئیدی ئەمە دەمەقاڵەی بۆ چییە؟!

**پیرەپیاو:** باوەڕ بکەن بەڕێزان، بۆوە نابێ وەخت بە فیڕۆ بدەین، دەستێک ببزێون.

**کچ:** درۆ دەکا.

*[ئاماژە بە پیاوی سەر باڵکۆنەکە دەکا.]* هیچی نەدیوە. وەختێک باوکم هاتە خوارەوە، ئەو لە ژوورەکەی بوو. باوکم چوو ئاگاداری بکاتەوە، لەپڕ هاتە دەرەوە و دەستی کرد بە ئەدادەرهێنان. ئەوە بۆیە وا دەکا گاڵتە بە باوکم بکا، پێی پێبکەنێ، هەموو قسەی خۆیەتی. ئێستاش دەیەوێ بە ئێوە ڕابوێرێ و پێتان پێبکەنێ.

**پیرەپیاو:** *[بۆ کچەکە]* تۆ چووزانی نەیدیوە؟ خۆ تۆ لەوێ نەبووی.

**مکانیک:** دەی با بڵێین پڕ پڕە لە دز، بە ئێوە چی؟ دێنماڵی ئێمە تاڵان دەکەن، دزی لە ئێمە دەکەن، بە تۆ چی؟ تۆ چ کارەی؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** گەورەی گەڕەکی؟

**دایکی مکانیک:** مەگەم دارۆغەی؟ کەیخودای؟

**مکانیک:** کەڵەگای؟ پاڵەوانی شاری؟ کێی، ها؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەمە زووخاوی خەڵکی گەڕەکە.

**پیاو:** *[بە لاتاوەوە]* گێرەشێوێنە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ڕاستە، ئەمانە هەمووی وایە، هەرچێکی بڵێین ڕاستە، گێرەشێوێن، زووخاو، هەرچێکی بڵێین. بەڵام ئەمجارە مەسەلەکە جیددییە. هەها بۆخۆم هاتوومەتە خوارەوە، هاتوومەتە نێو ئێوە، چون دەزانم بەتەنێ هیچ ناکرێ.

**پیاو:** جا ئێستە چیت دەوێ؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بەڵێ، چیت دەوێ؟

**مکانیک:** دەزانم چیی دەوێ، کوتانێکی چاکی دەوێ هەموو سەروگوێلاکی بشکێنین، وای تێ هەڵدەین یەک بڵێ مردووە یەک بڵێ زیندووە، ئەودەم ئیدی خاترجەم دەبێ و بە ملی شکاوی دەڕوا.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بەڵام ئەمانە هیچ چارە ناکا. با بڵێین لێتان دام، سەروگوێلاکمتان شکاند، بەڵام ئەوان چی؟ ئەوانەی ئەو نێوە؟

**مکانیک:** ئەگەر دەمی تۆ ببەستین، ئەگەر دەنگت ببڕین، ئیدی هەموو شتێک چارەی دێ.

*[مستی گرێ کردووە و دێتە پێشەوە.]*

**دایکی مکانیک:** *[بۆ کوڕەکەی]* چ دەکەی؟ تۆخودا مەیکە شەڕ!

*[ڕوو لە خەڵکەکە]* ئەوە بۆ ڕاوەستاون چاوی لێ دەکەن؟ خوێن دەڕژێ ها!

*[خەڵکەکە پێش بە مکانیکەکە دەگرن.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** کوڕە کاکە سڵاواتێکی بنێرن، شەیتانی بە نەفرەت بکەن، بەو شەوە بۆ تێک بەربوون؟!

**دوکتۆر:** *[بۆ خزمەتگوزاری قوتابخانەکە]* تۆ دەڵێی چی پیرەپیاو؟ لە گۆشەیەک ڕاوەستە چاو لێکە، چت لێ داوە؟!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** یانی دەڵێی لێ گەڕێم سەروگوێلاکی یەک بشکێنن؟ خوێن بڕژێ؟ زۆر چاکە!

*[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە و مکانیکەکە]* چاکە دەی، تێک هەڵدەن بزانم! بە من چی؟! دەی یاڵڵا.

*[دەتۆرێ و دەچێ لە پەنا دیواری خانووە چۆڵەکە دادەنیشێ.]*

تەمەشا ڕۆژگار چیی لێ هاتووە، خەڵک بۆخۆیشیان نازانن چ دەکەن.

*[کتوپڕ سەرنجی دەچێتە سەر خانووە چۆڵەکە و بەپەلە جێ دەگۆڕێ.]*

**پیاو:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* دەکرێ داوا لە بەڕێز بکەم بچنەوە ماڵەکەیان؟

**دوکتۆر:** بەڵێ کاکە، ئەو شەوە لانیکەم باش بوو لەو سەرە بوون و ئەو هەڵڵاوهەنگەمەیەتان نەبوو.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەو شەوە دەمەویست کارێک بکەم ئێوە ترستان نەمێنێ.

**دوكتۆر:** ترسمان نەمێنێ؟ تۆ بۆخۆت خەریک بووی بمانتۆقێنی.

**پیاوی سەر باڵكۆن:** دەمەویست بزانم چەندە ئازا و بەجەرگن. ئەگەر ئەو شەوە دەرگەكەتان كردبایەوە و چووبانە ژوورەوە، ئەوە دیار بوو ئازا و بوێرن و هیوام پێتان دەبوو.

**دوكتۆر:** ئەی ئێستا؟ ئێستا خەریكی هەڵسەنگاندنی چیی؟ ئازایەتیی ئێمە؟ فەرموو دەبینی كەس ناترسێ.

**پیاوی سەر باڵكۆن:** ئەمجارە باوەڕ ناكەن، ئەمەش لە ترس خراپترە، گوێتان لێ مات كردووە. من دەڵێم مەترسییەكە جیددییە، بۆ هەموومان، ئەگەر باوەڕ ناكەن فەرموون بۆخۆتان بزانن وایە یان نا.

**پیاو:** زۆر ببوورە دوكتۆری بەڕێز، دەمەقاڵە لەگەڵ ئەم كابرایە كە دیارە تەواو نییە، چ سوودێكی هەیە؟

**پیاوی سەر باڵكۆن:** دەمەقاڵە سوودی نییە، تۆزێک بیر بكەنەوە.

**پیاو:** *[یەكجار تووڕەیە.]* بۆچی؟ ها؟ پێت شێتین؟ فشەمان پێ دەكەی؟ ئەوەندە بزانە نابینە مایەی ڕابواردنی كەس، فریو ناخۆین، دەزانین ئارامی و ئاسایش چ بایەخێكی هەیە.

**مكانیک:** زۆری لێ بلێیی، ئەوەندەت تێ هەڵدەدەین گیانت دەرچێ.

**دوكتۆر:** باشتر وایە بەر لەوەی خۆتان تووشی خەسارێک بكەن، سەرتان داخەن و بڕۆن.

**پیاوی سەر باڵكۆن:** ئەرێ ئێوە بۆ حاڵی نابن؟

**خەڵک:** *[هێرشی بۆ دەبەن.]* دە خڕی كەوە ئیدی، یاڵڵا بە ملی شكاوت، سیخوڕ، خائین، ئاژاوەچی، یاڵڵا ون بە!

*[ناچاری دەکەن بگەڕێتەوە ماڵەکەی.]*

**مکانیک:** بێچاوەڕووو! نەتانهێشت دەموفلچی بشکێنم. ئەگەر مستێکی منی وێ کەوتبایە، ئیدی تازە ئیشتیای فشەی نەدەکردەوە.

**دوکتۆر:** من پێموایە بەڵایەکی بە سەر دێ، بەشەری ساخ ئاوا زووخاو بە خەڵکی هەڵناهێنێ.

**پیاو:** نا بەڕێز، هەمووی فێڵ و فریوە، ئەوە سەتاسەت نێردراوە، چۆنە هەستتان بە گوماناویبوونی نەکردووە؟ ئەوە ڕۆژەکەیە، ڕسوا دەبێ. مانگ لە پشت هەوران نامێنێ.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەڵێم ئەگەر بەتەما بێ هەموو شەوێ ئەم بەزمە بگێڕێ، چارە چییە؟

**دوکتۆر:** باشترین چارە، گرینگینەدانە، گرینگینەدان.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[دەرگەی ماڵەکەی دەکاتەوە و دێتە دەرەوە. یەکجار نارەحەتە.]* بەڕێزان، دەقەیەک گوێ بدەنە قسەکانم.

**مکانیک:** ئای! خۆ دیسان هاتەوە! چەندە بێشەرمە!

*[پەلاماری دەدا.]*

**پیاو:** بە ملی شکاوت بگەڕێوە ماڵەکەت.

*[هەمووان پەلاماری پیاوی سەر باڵکۆنەکە دەدەن. دەبێتە هات وهاوار.]*

**دوکتۆر:** بەڕێزان، لەسەرخۆ بن، لەسەرخۆ بن.

*[خەڵکەکە پیاوی سەر باڵکۆنەکە لە ماڵەکەی دەکەنەوە.]*

بەڕێزان، تا خۆمان پێوە نەکردووە، تکایە با بڕۆینەوە ماڵەکانمان، بڕۆن

بەڕێزان، تکایە.

**پیرەپیاو:** *[داماو]* بڕۆنەوە؟ بو کوێ؟

**مکانیک:** دەخەوین.

**پیرەپیاو:** خەو؟!

*[دەستی بە شێوەی پاڕانەوە درێژ دەکا.]*

ئەی ئەوانە هەروا وێڵ دەکەن؟ دەزانن چ دەقەومێ؟

**دوکتۆر:** هیچ نابێ باوکەکەم، بڕۆوە ماڵەوە حەبێک بخۆ، تۆزێک بحەسێوە، چاک دەبی.

**پیرەپیاو:** ئەی ئەگەر بێنە دەرەوە؟

**پیاو:** بە قسەی دوکتۆر بکە، تۆ حاڵت باش نییە، مێشکت ئاڵۆزە.

**پیرەپیاو:** مێشکی چی و شتی چی؟ تکایە، لە بەرتان دەپاڕێمەوە.

**دوکتۆر:** خۆت ناڕەحەت مەکە، سبەی وەرە نۆرینگە، لەوێ پشکنینت بۆ دەکەم و دەرمانت دەدەمێ، ئیشەڵڵا چاک دەبییەوە و چی دیکەش وات لێ نایەتەوە.

**پیرەپیاو:** دەرمان و مەرمانم ناوێ. ئەوە بۆ کوێ دەچن؟

**دایکی مکانیک:** *[بۆ کچەکە]* ئەوە بۆ ڕاوەستاوی کچم، وەرە بیبەوە ژوورەوە، بۆ لەو کۆڵانە بەرەڵات کردووە؟

**کچ:** *[بە بێهێزی]* ئەخر خۆ من پێی ناوەستم.

*[پێش بە پیرەپیاوەکە دەگرێ.]* باوکە، باوکە!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[هاتووەتەوە سەر باڵکۆنەکە.]* با دوو قسەتان بۆ بکەم.

**پیاو:** لائیلاهەئیلەڵڵا، ئەوە دیسان هاتییەوە؟!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** گوێ بدەنێ!

**مکانیک:** دەکرێ لێی ببڕییەوە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** نا لێی نابڕمەوە، هەتا قسەی ئاخرم دەکەم.

**خەڵک:** *[بە دەنگەدەنگ]* دیسان بەزمەکەیە!... لەکۆڵ نابێتەوە... کەیفێ دەکا بە ئازاردانی خەڵک.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** باشە بۆ ناتانەوێ ببینن؟ بۆ ناتانەوێ ببیستن؟

**مکانیک:** بە کوێرایی چاوی تۆ!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** باشە بۆ هیچ شتێک بە جیددی ناگرن؟

**پیاو:** چونکە گەمژەین کاکە، هەر ئەوەندەمان ئاقڵ پێ دەشکێ.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** تێ گەیشتی؟ لە کۆڵ دەبییەوە جا؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئێوە هەمووتان بێخەیاڵن، دەڵێی منداڵن، هەر بۆوە باشە بتانبەنە مەدرەسەی گەورەساڵان و ئەم شتانەتان بە زۆری لە کەللەی ئاخنن، زۆر شتی دیکەش.

**پیاو:** مەدرەسەی گەورەساڵان بۆ تۆ باشە، تۆزێک فێرە ئەدەبت بکەن زەلامی نەفام!

**مکانیک:** دەموفلچت بشکێنن، بەدفەڕی هیچوپووچ.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** لە فەلاقەت بدەن.

**دوکتۆر:** بەڕێزان، تکایە جوابی مەدەنەوە، لەسەرخۆ بن.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئادی، بەشەری نەفام بۆوە نابێ جوابی بدەیەوە.

**دایکی مکانیک:** گوێی مەدەیە! وەک بە داری لە تەپڵەسەریت دابێ وایە.

**دوکتۆر:** دەی، ئیدی لێرەبوونمان لەخۆڕایە؛ باشترە بڕۆنەوە ماڵەکانتان. شەوتان خۆش.

*[دەچێتە دەرەوە.]*

**پیاو:** *[لە حاڵێکدا کە دەچێتەوە ماڵەکەی.]* سبەی چارەت دەکەم.

**مکانیک:** شڕەوبڕەت لێ هەڵدەڕێژینە دەرەوە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** سەگیان لە گەڕەک بەستووەتەوە!

*[هەمووان دەڕۆنە دەرەوە.]*

**پیرەپیاو:** *[داماو و کاس لە نێوەڕاستی دیمەنەکە ماوەتەوە.]* هەمووان ڕۆیشتن؟

**کچ:** *[باسکی پیرەپیاوەکە دەگرێ.]* با بڕۆینەوە ژوورەوە باوکە.

**پیرەپیاو:** هەمووان ڕۆیشتن.

*[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە.]* چ بکەین؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەی گوێت لێ نەبوو وتیان بڕۆن تەخت بۆی بنوون؟

**پیرەپیاو:** بنووم؟ چۆن بنووم؟ کێ خەوی لێ دەکەوێ؟

*[بە حاڵەتی پاڕانەوە دەستی دێنێتە پێشەوە، دەڵێی لە دیوار دەپاڕێتەوە.]*

خەوی چی؟ کێ خەوی لێ دەکەوێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەی ئەگەر خەوت لێ ناکەوێ، مەنوو.

**پیرەپیاو:** ئەی تۆ چ دەکەی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** من بەخەبەرم. بەخەبەر و چاوەڕوان.

**پیرەپیاو:** وەرە خوارەوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چ سوود؟ دیسان لە ژوورێم دەکەنەوە. ئێستا کە قەرارە هەمووان لێک جیا بن، باشترە منیش لە جێی خۆم بمێنمەوە؛ هیچ نەبێ لێرەوە چاکتر دەبینم، چاکتر ئاگادری خۆم دەبم.

**پیرەپیاو:** ئەی من چ بکەم؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** نازانم. هەرچێکی لە دەستت دێ.

**پیرەپیاو:** ئەخر پیرەپیاوێکی وەک من، بەتەنێ، چ قوڕێک بکەم بە سەرمدا؟ چیم لە دەست دێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەی کەواتە کارێک بکە بەتەنێ نەبی.

**پیرەپیاو:** چۆن؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بێدەنگ مەبە، بیکە هەراوهوریا، مەهێڵە بنوون، دیسان بیانهێنەوە دەرەوە.

**کچ:** نا، نا باوکە.

*[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* کابرای بێشەرەف، بۆ تینی دەدەی؟ بۆ دەیبزووێنی؟

**پیرەپیاو:** *[بەناڵەوە]* هۆ خەڵکینە! خەڵکینە! وەرن، بگەنێ! تۆخودا بگەنێ! خەڵکینە! خەڵکینە!

**کچ:** باوکە! دەست هەڵگرە باوکە!

*[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* زۆر بێشەرەف و بێئابڕووی! دڵت

دەحەسێتەوە پیرەپیاوێک بە کوشت بدەی؟

*[بە دوای پیرەپیاوەکەوە.]* باوکە، باکە، باوکە!

*[داماو لە گۆشەیەک دادەنیشێ و دەگری.]*

**پیرەپیاو:** *[بەردەوام هاوار دەکا.]* خەڵکینە، خەڵکینە، بگەنێ! فریا کەون!

*[پیرەپیاوەکە لە کۆڵانەکاندا بزر دەبێ. هاوارەکانی تیکەڵ دەبێ لەگەڵ دەنگی لەدەرگەدانی ماڵەکان. دواجار ماندوو و هیلاک دێتەوە نێوەڕاستی دیمەنی شانۆکە و ئیدی ناتوانێ لە سەر پێ بەند بێ، لە هۆش دەچێ و دەکەوێتە تەختی ئەرزەکە. دراوسێکان دیسان وەدیار دەکەونەوە، دەورەی پیرەپیاوەکە دەدەن، هەمووان سەرسام و نیگەرانن.]*

**دوکتۆر:** *[دادێتەوە بۆ لای پیرەپیاوەکە.]* چ بکەین؟

**کچ:** دوکتۆر، تۆخودا فریای کەوە، هەرئان لەوانەیە سەکتە لێی بدا؛ ئەخر نەخۆشیی دڵی هەیە.

*[دایکی مکانیکەکە هەوڵ دەدا ئارامی بکاتەوە.]*

ئەی هاوار خودایە گیان! باوکە...! باوکە!

**دوکتۆر:** *[نەبزی پیرەپیاوەکە دەگرێ.]* وەزعی خراپە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** سەکتە لێی داوە؟

**کچ:** ها؟ چ بووە؟

**دوکتۆر:** هیچ خانم، نارەحەت مەبن، سەکتە و شت نییە، پێموایە جۆرێک نارێکییە.

**پیاو:** نارێکیی چی؟

**دوکتۆر:** نارێکیی یەکێک لە ئەندامەکان.

**دایکی مکانیک:** ئەک کوێر بم هەی! خودا ڕەحمی پێ بکا!

*[بۆ خزمەتگوزاری قوتابخانەکە]* ئەندامەکەی نارێکە!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** خودایە بۆخۆت ڕزگاری بکە.

**دایکی مکانیک:** ئەو تاقە منداڵەی لێ سەغیر مەکە، بەزەییت بەو تاقانەیەیدا بێ.

**کچ:** هەموو خەتای هۆوەیە.

**دایکی مکانیک:** یارەببی زەلیل بێ! تەمەشا چۆن ڕاوەستاوە، هەر دەڵێی شیمرە، زەق زەق چاو لێ دەکا! لە چاوانیڕا دیارە چەندە بەکەیفە.

**مکانیک:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* ئەگەر ئەو چارەڕەشە شتێکی بە سەر بێ، خوێنی لەستۆی تۆیە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بۆ لەستۆی منە؟

**دوکتۆر:** چون تۆ تینی دەدەی، دەیبزووێنی.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەگەر باوەڕ بە قسەکانی بکەن، ئیدی بێدەنگ دەبێ.

**پیاو:** باوەڕی چی؟ درۆودەلەسە؟ قسەی قۆڕ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چووزانن ڕاست ناکا؟

**پیاو:** چون قسەی کابرای شێت بۆ بڕوا نابێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** شێت؟ بە چییەوە دەزانی؟

**دوکتۆر:** بەڵێ کاکە، مێشکی زەربەی وێ کەوتووە، باری دەروونیی ئاڵۆزە، ئەمە شتێک نییە ئێوە لێی بزانن، تێ دەگەن؟ ئەمە ئیدی شتێکە

من دەبێ حوکم بدەم، من دەبێ بڵێم چۆنە نەک ئێوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دەی چاکە... ئەو باری دەروونیی ئاڵۆزە، ئەمن چی؟

**مکانیک:** تۆ سەتاسەت لەو شێتتری. تۆ هەر ئەقڵت لە کەللەدا نییە!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەبێ بتگرن بتبەستنەوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** دیسانیش، ئێمەی شێت دەڵێین ئەو نێوە پڕە لە چەتە و ئێوەی ئاقڵ بەو هەموو فام و تێگەیشتنەتانەوە، باوەڕ ناکەن. زۆر سادەیە، دەرگەکە بکەنەوە و بڕۆنە سەرەوە، بزانن ئێمەی شێت درۆ دەکەین یا ڕاست؟ خۆ ئەمە کارێکی نییە.

**پیاو:** ئێمە دڵنیاین هیچ باس نییە و خۆیشمان ناکەینە قومارۆچکەی تۆ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەوە باشتر! جا کە دڵنیان، بڕۆنە ژوورەوە با دڵنیاتر بن.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بۆ مەگەم خەرفاوین؟

**مکانیک:** کە تۆ قاقا پێمان پێبکەنی؟ ها؟ نا ئیدی، خراپی لێ حاڵیی.

**پیاو:** دیسان بەزمەکەیە، خەریکە تینتان دەدا بەڕێزان.

**مکانیک:** *[لەناکاو دەڕواتە پێشەوە و بە شەق دەرگەی خانووە چۆڵەکە دەکاتەوە.]* هۆی؟ کێی لێیە؟

*[بە هەڕەشە]* هەرکەس لەو نێوەیە بێتە دەرەوە.

**پیاو:** *[بە هاوارەوە]* ئەگەر شەڕەفتان هەیە، ئەگەر پیاون وەرنە دەرەوە.

*[پیرەپیاوەکە وردەوردە هاتووەتەوە هۆش.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** *[بە هاوارەوە]* وەرنە دەرەوە، تەواوی بکەن ئیدی!

**خەڵک:** *[بە هەڕەشەوە]* هۆی! وەرنە دەرەوە! کێی لێیە؟ کێ لەو نێوەدایە؟ وەرنە دەرەوە!

**پیاو:** *[هەمووان بێدەنگن. ڕوو لە پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* دەی، فەرموو!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** قسەت ما؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئاوا نایەنە دەرەوە. ئێوە خۆتان بووایەن دەهاتنە دەرەوە؟

**مکانیک:** بۆ نایەن؟

*[بە هەڕەشەوە ڕوو لە دەرگەکە.]* ئەنجنئەنجنتان دەکەم، خوێنتان دەڕژم، جەرگ و ڕیخۆڵەتان دەردێنم!

**هەمووان پێکەوە:** بێشەرەفانە! زۆڵانە! ناپیاوانە!

*[بێدەنگ دەبن و پاشان ڕوو دەکەنە لە پیاوی سەر باڵکۆنەکە]*

**دوکتۆر:** دیتتان هیچ باس نییە؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئاوا نایەنە دەرەوە، دەبێ بۆخۆتان بچنە ژوورەوە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بۆ خودا لێی گۆڕیوین!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەوەنییە ئێوە دەڵێن هیچ باس نییە و بەتاڵە!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەی بەتاڵە ئیدی.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەی ترسی بۆ چییە؟!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** پیاو دەبێ پارێزێکی هەر بکا.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** یانی بە هەر حاڵ، ڕەنگە شتێک هەبێ، ها؟

**مکانیک:** چاو چۆن ئەو خەڵکەی یەخسیر کردووە! چیت دەوێ؟ جا کە وای لێ هات، ئەگەر کەسێکیش بیهەوێ بچێتە ژوورەوە، من ناهێڵم. *[لە بەر دەرگەی خانووە چۆڵەکە دەوەستێ، گوایە بەری لە چوونەژووری ئەوانی دی گرتووە.]*

لە حەیفی تۆش بێ ناهێڵم کەس بچێتە ژوورەوە.

*[ڕوو لە خەڵک]* هیچکەس هەقی نییە پێ بخاتە ئەم نێوەوە! هەرکەس بیهەوێ بچێتە ژوورەوە دەبێ لە من ڕەت بێ، تێ گەیشتن؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[کتوپڕ هاوار دەکا.]* هەها وشیار بە!

*[مکانیکەکە دەنەڕێنێ، ڕادەکا، لە ترسان بە لادا دێ.]*

**دایکی مکانیک:** *[کوڕەکەی دەگرێ.]* ئەی خودایە گیان هاوار! هەباس! هەباس!

*[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* یارەببی زووخاو هەڵێنی، یارەببی لە سەر مەیتت دانیشین،ماڵت وێران بێ!

**پیاو:** بێشەڕەفی خوێڕی!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بە تەمای چیی؟ دەتەوێ بەم نیوەشەوە دڵی خەڵکی بتۆقێنی؟

**دوکتۆر:** وشیاری چ بێ کاکی بەڕێز؟ وشیاری چ بێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** پشت سەری.

**دوکتۆر:** بۆ وشیار بێ؟ لەبەر چی؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەخر دەرگەکە کرابووەوە.

**دایکی مکانیک:** دەی کراوەتەوە کراوەتەوە، مردووت مرێ!

**پیاوی سەر باڵکۆن:** بۆ نەتانبیست خزمەتگوزاری قوتابخانە چیی وت؟ نەیوت پارێز واجبە؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** پیاو وە گووخواردن دەکەوێ قسێکی بکا! ئەو ڕۆژگارەی! شانەکە لە سەری مندا دەشکێنی؟

**مکانیک:** *[کە هاتووەتەوە سەر خۆ]* ڕاوەست بزانە بەڵایەکت بە سەر دێنم، تاهەتایە لە بیرت نەچێتەوە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئەمەش جوابی چاکە! خەتای تۆ نییە، دنیاکە وایە.

**دوکتۆر:** بەڕێزان، تا تووشی گۆنگەڵێ نەبووین، تکایە بڕۆنەوە ماڵەکانتان.

**پیرەپیاو:** نا، تۆخودا مەڕۆن، ڕاوەستن.

**دوکتۆر:** بۆ نەڕۆین؟

**پیرەپیاو:** ئەی ئەوان؟ ئەوان چ لێ بکەین؟

**دوکتۆر:** ئەوانە هەمووی لە کەللەی تۆدایە باوکەکەم.

**پیرەپیاو:** بە پێغەمبەر لە کەللەی مندا نییە، هۆوەتان.

**دوکتۆر:** پێویستت بە حەسانەوەیە.

**پیرەپیاو:** حەسانەوەی چی؟ ئێستا وەختی حەسانەوەیە؟

**پیاو:** مەردی خودای بە لە کۆڵ بەوە، لێمان گەڕێ بڕۆین.

**پیرەپیاو:** ناهێڵم نا! ئەمشەو هەمووتان سەرتان تێدا دەچێ، بۆ حاڵی

نابن؟!

**مکانیک:** ئیدی لە تامی مەبە دەر!

*[هەمووان دەیانەوێ بڕۆن.]*

**پیرەپیاو:** بۆ کوێ؟ ڕاوەستن، تۆخودا، تۆخودا.

*[بە پاڕانەوە و داماوی دەستی بۆ لای خەڵکەکە درێژ دەکا.]*

**کچ:** بۆ خاتری خودا مەڕۆن، چارەیەکی بکەن، هەر ئێستایە دڵی بوەستێ، سەکتە لێی دەدا.

**دایکی مکانیک:** بیبەوە ماڵەوە کچم، ئارامی بکەوە، فوویەک لە چواردەورەی بکە، ئایەتولکورسییەکیشی بۆ بخوێنە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** پنەشۆرەش خراپ نییە، قالبی سووک دەکا.

**پیرەپیاو:** *[بە ورووژان و جۆشەوە پێشیان دەگرێ و بە هاوارەوە]* ناهێڵم بڕۆن، ناهێڵم، بە زۆریش بێ ناهێڵم.

*[چنگ لە جلی مکانیکەکە دەدا.]*

**مکانیک:** بۆ خۆت بە منەوە هەڵاوەسیوە؟

*[جلەکەی دەردەکێشێ.]*

**پیرەپیاو:** نا، نا، مەڕۆن، ناهێڵم، ناهێڵم کەس خەوی لە چاوی بکەوێ، ناهێڵم، هەتا بەیانی هاتوهاوار دەکەم، دەرگەی ماڵەکانتان لە چوارچێوە دەترازێنم. ئەی هاوار، ئەی بمگەنێ! فریا کەون!

*[چنگ داوێتە شەڵواری خزمەتگوزاری قوتابخانەکە.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بەرمدە! ئای! بۆ بە منەوە نووساوی؟! بە

هەویای ئەو میراتییەشم لێ بدڕێنی؟

*[ڕوو لە دوکتۆرەکە]* چارەیەکی بکەن.

**دوکتۆر:** گوێ بدەیە مامە، ئارام بە.

**پیرەپیاو:** ئارامی چی! بێدەنگ نابم. ئەی هاوار، بمگەنێ! ئەی هاواااار! *[دەنەڕێنێ.]*

**دوکتۆر:** گوێم بدەیە بزانە دەڵێم چی.

**پیرەپیاو:** هیچ مەڵێ، قسەی کەسم ناوێ. هۆۆۆۆۆی هۆۆۆۆی.

*[پیرەپیاوەکە لەوپەڕی وورووژان و خرۆشدایە و هەمووان نیگەران و نارەحەتن.]*

**دوکتۆر:** *[نێوبژیوانی دەکا.]* بۆ هاوار دەکەی مامە؟ گوێ بدەیە! *[پیرەپیاوەکە تەکان دەدا.]*

**پیرەپیاو:** بێسوودە، بێسوودە.

**دوکتۆر:** *[ئارامی دەکاتەوە.]* ڕاستە، وایە، بێسوودە، گوێ بدەیە، گوێ بدەیە!

*[پیرەپیاوەکە ئارام بووەتەوە.]*

تکایەکی چکۆلەم لێت هەیە.

**پیرەپیاو:** ئەلێرە نابزووێم. هەر لێرە دەبم.

**دوکتۆر:** *[بە شێوەیەکی نەرم]* چاکە، هەر لێرە بە، مەڕۆ، ئێمەش لێرە دەبین. بەڕێزان تکایە لێرە بن.

*[خەڵکەکە چاوەڕوان لە جێی خۆیان دەوەستن. پیرەپیاوەکە بە داماوی لە سەر ئەرزەکە پان دەبێتەوە.]*

**پیرەپیاو:** وەیش، وەیش، وەیش!

**دوکتۆر:** *[هەڵدەترووشکێ و هەمووان لە دەوریان کۆ دەبنەوە.]* مامە، دا زمانت دەربێنە.

**پیرەپیاو:** چی؟

**دوکتۆر:** زمانت، زمان. هەها!

*[زمانی خۆی دەردێنێ و نیشانی دەدا.]* ئاوا.

**پیرەپیاو:** بۆ؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەرییێنە ئیدی!

**پیرەپیاو:** *[بەرگری دەکا.]* ئەخر بۆچی؟

**خەڵک:** ئەوەنییە دوکتۆر دەڵێ! دە دەرییێنە ئیدی، زووکە!

*[هەمووان زمانیان دەردێنن. پیرەپیاوەکە سەیری هەمووان دەکا و زمانی دەردێنێ. خەڵکەکە نزیک دەبنەوە و سەیری زمانی دەکەن.]*

**دوکتۆر:** چاکە، چاکە.

*[سەری پیرەپیاوەکە بەرز دەکاتەوە و دەیهێنێتەوە خوارەوە تا باشتر چاوی بە زمانی بکەوێ.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** *[بۆ کچەکە]* زمانی سپی هەڵگەڕاوە، هەڵبەت سەردڵی گیراوە.

**دوکتۆر:** *[بۆ پیرەپیاوەکە]* سپاس. ئەمجارە دەستتان، با دەستتان ببینم.

*[نەبزی پیرەپیاوەکە دەگرێ.]* زۆر توند لێ دەدا. سپاس.

*[هەمووان سەر دەلەقێنن.]* ئێستا تکایە لاقتان، لاقتان ڕووت کەن با

ببینم.

**پیرەپیاو:** [هەڵدەستێ.] لاقمت بۆ چییە؟

**دوکتۆر:** کارم پێی نییە، هەر چاوێکی لێ دەکەم.

*[خزمەتگوزاری قوتابخانە و مکانیکەکە پیرەپیاوەکە دادەنیشێنن. لاقی پیرەپیاوەکە ڕووت دەکەنەوە و هەڵیدەهێنن.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** *[بۆ دوکتۆر]* فەرموون.

**دوکتۆر:** جا ئەمجارە دەرزییەک شتێکی تیژم بدەنێ.

**پیرەپیاو:** *[لە هەوڵدایە و خۆ تەکان دەدا لاقی لە بن پیلی مکانیکەکە دەرکێشێ. خزمەتگوزاری قوتابخانەکە ئاگادارییەتی.]* دەتانەوێ چ بەڵایەکم بە سەر بێنن؟ بەرمدەن، بەرمدەن!

**کچ:** دوکتۆر...! دوکتۆر!

**دوکتۆر:** نیگەران مەبە خانم، تاقی کردنەوەیەکی سادەیە.

*[دایکی مکانیکەکە دەرزییەک دەداتە دوکتۆرەکە.]*

**دایکی مکانیک:** فەرموون.

*[دوکتۆرەکە دەرزییەکە بە بەری پێی پیرەپیاوەکەدا دێنێ. پیرەپیاوەکە خۆ هەڵداوێ و هاوار دەکا.]*

**دوکتۆر:** ئارام بن.

*[هەمووان دادێنەوە و سەیری بەری پێی پیرەپیاوەکە دەکەن و سەر دەلەقێنن. دوکتۆرەکە لاقی پیرەپیاوەکە بەردەدا.]*

جا ئەمجارە شەمچە یا فەندەکێکم بدەنێ.

*[پیاوەکە فەندەکێکی دەداتێ. پیرەپیاوەکە هەڵدەستێنن و*

*دایدەنیشێنن.]*

**پیرەپیاو:** بە تەمای چین؟ دەتانەوێ ئاورم تێ بەردەن؟

**کچ:** دوکتۆر!

**پیاو:** بێدەنگ بە خانم، پشکنینی بۆ دەکا.

*[هەمووان بە ئاماژەی دەست و چاو کچەکە خاترخەم دەکەنەوە.]*

**دوکتۆر:** *[بۆ پیرەپیاوەکە]* تکایە چاوێکتان ببەستن، کارم پێتان نییە، تکایە.

**پیرەپیاو:** ئەخر.. ئەخر...

*[خزمەتگوزاری قوتابخانەکە سەری پیرەپیاوەکە دەگرێ و بە دەستی، پێش یەکێک لە چاوەکانی دەگرێ. دوکتۆر بە فەندەکی داگیرساوەوە دەستی بۆ لای چاوە کراوەکەی پیرەپیاوەکە درێژ دەکا. پیرەپیاوەکە سەری تەکان دەدا و چاوی دەبەستێ.]*

بەرمدە! بەرمدەن!

**دوکتۆر:** مەترسن، مەترسن، چاوتان بکەنەوە.

**پیرەپیاو:** نزیک مەبەوە، نزیک مەبەوە!

**دوکتۆر:** *[فەندەکەکە دەکوژێنێتەوە.]* سپاس. تەواو بوو. جا ئەمجارە گوێم بدەنێ کاکی بەڕێز، باش سەرنجم بدەنێ، هۆشتان لێرە بێ. تکایە لە بیست، تێ گەیشتن؟ لە ژمارەی بیست سێ دانە سێ دانە کەم بکەنەوە. تێ گەیشتن؟

**پیرەپیاو:** سێ سێ کەم بکەمەوە؟ ئەمە بۆ چییە؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دە کەمی بکەوە ئیدی، زەرەدی چییە؟!

**دوکتۆر:** مەترسن، تاقی‌کردنەوەیەکی سادەیە.

**پیرەپیاو:** تاقی‌کردنەوەی چی؟

**پیاو:** دەیەوێ بزانێ هۆشیاریت چۆنە. وەڵامی بدەوە.

**پیرەپیاو:** هۆشیاریی منتان بۆ چییە؟ خودایە خۆت فریام بکەوە.

**دوکتۆر:** سێ سێ لە بیست کەم بکەنەوە.

**پیرەپیاو:** *[لە ڕووی ناچارییەوە]* چاکە، کەمی دەکەمەوە.

*[بیر دەکاتەوە.]* حەڤدە.

**دوکتۆر:** ئافەرەم، ئافەرەم!

**پیرەپیاو:** چاردە.

**دوکتۆر:** ئەوەتا، زۆر چاکە!

*[پیرەپیاوەکە خەریکی بیرکردنەوەیە و خزمەتگوزاری قوتابخانەکە لە دوورەوە پەنجەی دەستی پێ نیشان دەدا.]*

**پیرەپیاو:** دە.

**دوکتۆر:** چەند؟

**پیرەپیاو:** *[جاڕزە]* چووزانم!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** وتی دە.

**دوکتۆر:** سەیرە، وتی دە! *[سەر بادەدا.]* سەیرە!

*[بیر دایدەگرێ و سەر بادەدا.]*

باشە، ئێستا گوێ بدەنە من: ئەگەر لە شەقام پاکەتێکی پۆستە ببیننەوە کە تەمرێکی ڕەش‌نەکراوەی پێوە نووسابێ، ئادرەسیش لە سەر نامەکە نووسرابێ و بە جێی ئەوەی لە سندووقی پۆستەی باوێن لە سەر ئەرز

کەوتبێ، چیی لێ دەکەن؟

**پیرەپیاو:** *[تووڕەیە.]* ئەم قسانە بۆ چین؟ بەرمدەن!

*[دەیەوێ هەستێ، مکانیکەکە و خزمەتگوزاری قوتابخانەکە ڕایدەگرن.]*

**دوکتۆر:** تکایە وەڵام بدەنەوە، ئەمە ئیدی دوایین تاقیکردنەوەیە. ئەگەر لە شەقام پاکەتێک بدۆزنەوە کە...

**پیرەپیاو:** لەتوپەتی دەکەم و لە کەللەی هەرچی خوێڕی و بێشەڕەف و سەگبابە ڕایدەکێشم.

**دوکتۆر:** پەککوو! *[هەڵدەستێ.]* بەداخەوە.

*[سەر بادەدا.]*

**پیاو:** چییەتی دوکتۆر؟

**دوکتۆر:** بەداخەوە ئەم پیرەپیاوە تووشی جۆرە پسیکۆزێکی قورس و لەناکاو بووە.

**مکانیک:** تووشی چی؟

**دوکتۆر:** پسیکۆز، جۆرە شێتییەکی قورس و مەترسیدارە.

**کچ:** چی؟ شێتی؟ وەی باوکە، باوکە! *[دەکەوێتە گریان.]*

**پیرەپیاو:** *[بۆ دوکتۆرەکە]* شێت بۆخۆت و باووباپیرتن! کەسوکارتن! *[بۆ خەڵکەکە]* زۆر بێشەڕەفن، سەگبابینە، بێشەڕەفانە، بێدایکوباوکینە، قەحپەدایکینە!

**دوکتۆر:** *[هەوڵ دەدا پێش بە کاردانەوەی خەڵکەکە بگرێ.]* بەڕێزان، ئەم زمانشڕییە یەکێکە لە نیشانەکانی سەرەتایی شێتی و ئەرکی

مرۆیی هەموومانە کە هەرچۆنێکی بێ بیبەینەوە ژوورەوە.

**دایکی مکانیک:** دەرگە بکەوە کچم، هەردووک تای بکەوە.

**کچ:** بەڵام من بەتەنیا چیی لێ بکەم؟ چۆن ئاگام لێی بێ؟

**دایکی مکانیک:** جارێ دەرگە بکەوە.

*[بە یارمەتیی کچەکە دەرگەکە دەکاتەوە.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** جا با وەخۆ بکەوین.

*[مکانیکەکە و خزمەتگوزاری قوتابخانەکە وردەوردە لە پیرەپیاوەکە نزیک دەبنەوە.]*

**پیرەپیاو:** بەتەمای چین؟ ها؟ چیتان دەوێ؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** هیچ، کارمان پێت نییە، دەتبەینەوە ماڵەوە هەتاکوو لەوێ... ئەوەتا.

*[هەردوو دەستی بە نیشانەی خەوتن بردووەتە پەنا سەری. مکانیکەکە و خزمەتگوزاری قوتابخانەکە کتوپڕ لە پیرەپیاوەکە نزیک دەبنەوە و دەست و لاقی دەگرن و هەڵیدەهێنن. پیرەپیاوەکە دەیکاتە هات‌وهاوار و چنگەپڕژەیەتی.]*

**پیرەپیاو:** بەرمدەن! بەرمدەن! چیتان لێم دەوێ؟! *[خۆی دەرباز دەکا و لە سەر ئەرزەکە پان دەبێتەوە.]* بۆ لێم نابنەوە؟ چ خراپەیەکم لەگەڵ کردوون؟

**دوکتۆر:** ئاوا نابێ بەڕێزان، بەم شێوەیە تا بەیانی ئارام نابێتەوە، ناهێڵێ ئێمەش تۆزێ بحەسێینەوە. ڕەنگە زیان بە خۆی یا کەسێکیش بگەیێنێ.

**پیاو:** ئەی دەڵێن چیی لێ بکەین؟

**دوکتۆر:** ئێوە چەند دەقەیەک چاوتان بە سەرییەوە بێ، ئێستا دەگەڕێمەوە.

*[بەپەلە دەڕواتە دەرەوە. هەمووان لە دەوری پیرەپیاوەکە کۆ دەبنەوە.]*

**مکانیک:** *[بۆ پیرەپیاوەکە.]* بۆچی خۆت لە شێتی داوە مامە؟

**پیاو:** *[ئاماژە دەکاتە مکانیکەکە.]* وست بە، هۆی! *[بە دەنگی بەرزتر]* نا، کێشە نییە، هەر ئەوەندەیە تۆزێ مێشکی ئاڵۆز و ماندووە، شتی وا لە هەموو کەس دەقەومێ. هیچ نییە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەم مێشک و فکر و خەیاڵەش دەردێکی گرانە لەو خەڵکە پەیدا بووە. جاران ئەم مێشک و شتە لە گۆڕێدا نەبوو، خەڵک زۆر ئاسوودە بوون.

**پیرەپیاو:** *[بە داماوی و بێتوانا.]* ئێوە چ بەشەرێکن؟ بۆ باوەڕ ناکەن؟ ئەگەر ئێوەش لە جێی من بووایەن و ئەمانەتان دیتبایە، ئیدی ئەم بەڵایانەتان بە سەر من نەدەهێنا.

**پیاو:** مەسەلە ئەوەیە کە لە جێی تۆ نیین.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەگەریش خودا بەو ڕۆژە نەکا، وەک تۆمان لێ هات، ئەودەم باوەڕ بە هەموو شتێک دەکەین.

**پیرەپیاو:** خۆ بە هەموو لاتاوەکانتان دەزانم. من ئاقڵم ساخوسەلیمە، ئێوە ناتوانن فریوم بدەن.

**پیاو:** کەس نایهەوێ فریوت دا، هەر دەمانەوێ ئاسوودە بی، بحەسێیەوە، مێشکت بسرەوێ، ئارام بێتەوە، لەو فکرە سەیروسەمەرانە ڕزگارت بێ و زوو خەوت لێ بکەوێ.

**پیرەپیاو:** ناخەوم، بشمکوژن ناخەوم.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** باشە مەخەوە، خۆ بە زۆری نابێ. هەروەخت کەیفت لێ بوو بڕۆوە ماڵەوە و بخەوە.

**پیاو:** *[بە نەرمی]* دەی؟ تەواوە؟

*[ماوەیەک بێدەنگی]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** *[بۆ پیاوەکە]* ئەرێ چ لە پاکەتەکە دەکەن؟

**پیاو:** کام پاکەت؟

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەوەی دوکتۆر باسی کرد.

**پیاو:** *[پێدەکەنێ.]* دیارە ئیدی، لە سندووقی داوێن!

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەها... لە سندووقی داوێن.

**دوکتۆر:** *[بە دەفرێک و لیوانێک ئاو بە دەستێک و شووشەیەکی گەورەی حەب بە دەستەکەی دیکەوە، دێتە ژوورەوە.]* چاکە، ئەمجارە ئیدی جێبەجێ دەبێ.

*[لیوان و دەفرەکە دەداتە دەست مکانیکەکە.]* ئەمە ڕاگرن.

*[خەڵکەکە ڕێگە دەکەنەوە و دوکتۆرەکە دێتە پێشەوە و بۆ پیاوەکە]* ئێوەش بیزەحمەت.

*[شووشەی حەبەکە دەداتە پیاوەکە و دەستی لێک دەخشێنێ و پاشان مشتێک حەب لە شووشەکە دێنێتە دەرەوە.]*

**پیرەپیاو:** ئەمە چین؟

**دوکتۆر:** چ نییە، حەبی خەون. *[بۆ لای پیرەپیاوەکەی دەبا.]*

**پیرەپیاو:** حەبی خەو؟

**دوکتۆر:** بەڵێ، ئێوە هەرچۆنێکی بێ دەبێ بحەسێنەوە. مەترسن، شتێکی خراپ نییە.

**خەڵک:** وەریگرە، وەریگرە بیخۆ ئیدی. چ نییە، ئاسوودە دەبی. دەستی دوکتۆر مەگێڕەوە.

*[پیرەپیاوەکە دۆش داماوە.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** *[کە بە درێژایی ئەو ماوەیە بێدەنگ سەیری ڕووداوەکانی کردووە، بە دەنگی بەرز]* کوڕە نەیخۆی ها! دەیانەوێ مەفعت بکەنەوە. نەیخۆی ها!

**پیرەپیاو:** *[بە گومانەوە]* نایخۆم، نایخۆم! هەمووتان دەستتان لە گۆزەیەکدایە، ژار ناخۆم، سەم ناخۆم.

**دوکتۆر:** ژاری چی مامە؟ ئەمە حەبن، حەبی خەو.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** زۆریش بەتامە. تا ئێستا نەتخواردووە؟ *[دەست بە شووشەکەدا دینێ.]*

بۆ هەموو شتێک باشە: سەرئێشە، لاقئێشە، پشتئێشە، ئازاری ئێسقان.

**پیرەپیاو:** نایخۆم نا! ئێوە بەتەمان دەرماندراوم بکەن، دەتانەوێ بمکوژن. *[هەڵدەستێ دەیەوێ ڕابکا.]*

**دوکتۆر:** وریای بن، وریای بن!

*[مکانیکەکە و پیاوەکە دەفر و شووشەی حەبەکە دادەنێن و دەکەونە شوێن پیرەپیاوەکە و دەیگرن.]*

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** تەواو شێت بووە!

**پیرەپیاو:** فریام کەون، فریام کەون!

**کچ:** بەریدەن! چیتان پێی داوە؟ تۆخودا بەزەییتان بێ.

**دایکی مکانیک:** مەترسە کچم، دەیانەوێ دەرمانی بکەن، بێدەنگی بکەن. ئەی نەتدیوە حاڵی چۆنە؟

**پیرەپیاو:** فریام کەون! فریام کەون! هاوار، هاوار!

**دوکتۆر:** *[پیرەپیاوەکەیان هێناوەتەوە نێوەڕاستی دیمەنی شانۆکە و لە سەر ئەرزەکە دایدەنیشێنن.]* تکایە زاری بکەنەوە.

*[مکانیکەکە هەوڵ دەدا زاری پیرەپیاوەکە بکاتەوە.]*

**پیرەپیاو:** چیتان دەوێ؟ تۆخودا بەرمدەن، مەمکوژن، مەمکوژن، بێجێم کرد، گووم خوارد، ئیدی قسە ناکەم، تازە قسە ناکەم.

**مکانیک:** دە زارت بکەوە دەی!

**پیرەپیاو:** تازە قسەیەکم لێ نابیستن. کاکە درۆ بوو، هەمووی درۆ بوو، بەرمدەن، لێم گەڕێن بچمەوە ماڵەوە، هیچم نەدیتووە، لێم گەڕێن بڕۆم.

**دوکتۆر:** گوێی مەدەنێ؛ نەخۆش وەختی وا تەنانەت حاشا لە وڕێنەی خۆیشیان دەکەن.

**مکانیک:** ئەخر ناهێڵی، چەناگەی تەکان دەدا.

**پیرەپیاو:** درۆم دەکرد، بە خودا درۆم دەکرد، بەرمدەن ئیدی، لێم گەڕێن.

**مکانیک:** *[بە خۆشحالییەکی زۆرەوە.]* کردمەوە.

**دوکتۆر:** زۆر چاکە، ئەوەتا.

*[مکانیکەکە زاری پیرەپیاوەکەی کردووەتەوە، دوکتۆرەکە هەڵترووشکاوە و لۆچێک حەب لە زاری پیرەپیاوەکە دەئاخنێ.]*

ئەها، تەواوە، جا ئاوی بدەنێ، ئاو تکایە.

*[پیاوەکە لیوانەکە پڕی ئاو دەکا و دەیداتە دەست دوکتۆرەکە.]*

قومێک، ئەوەتا، ئافەرەم، قومێکی دیکەش، تۆ سەری من، گیانی من، سەری ئەو جەماعەتە، هەی بژی.

*[پیرەپیاوەکە بەردەدا و هەڵدەستێ. هەمووان بە بزەی سەرکەوتنەوە سەیری پیرەپیاوەکە و یەکتر دەکەن.]*

**پیاوی سەر باڵکۆن:** ئاخری بێدەنگتان کرد، ئافەرەم، متەقتان لێ بڕی!

**مکانیک:** نۆبەی تۆش دێ.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** چاوەڕێ بن!

**پیرەپیاو:** ئەمە چ بوو دەرخواردی منتان دا؟ خەریکە دڵم لەژێڵا دێ، وەختە گیانم دەرچێ. *[دەیەوێ هەستێ و ناتوانێ.]*

**دوکتۆر:** ئێستا بێدەنگ دەبێ.

*[بۆ پیرەپیاوەکە]* مەترسە مامە، هیچ دەردێکت نییە، بڕۆوە ماڵەوە تەخت بنوو.

*[بۆ کچەکە]* سبەی بیهێننە نۆرینگەی من.

**کچ:** زۆر سپاس.

**پیاو:** شەوێکی سەیر بوو، سەرم خەریکە بتەقێ، خۆ هەتا بەیانی چاوم وێک نایە.

**مکانیک:** من هەرواش چوار سەعاتان دەبێ جینگڵ بدەم تا خەوم لێ بکەوێ، ئەمشەو هەر هیچ، تازە خەو وە چاوم ناکەوێ.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** منی ماڵوێران بۆ ناڵێن: کەڕەی بەیانی دەبێ هەستم قوتابخانە خاوێن بکەمەوە. شەوانیش تا دەهات چاوم گەرم دابێ، لەپڕ هەڵدەبەزیمەوە. خودا وە خێری بگێڕێ.

**دوکتۆر:** چارەی هاسانە: هەرکەس دەیەوێ ئاسوودە بخەوێ، با لەمانەی بدەمێ.

**پیاو:** زەرەدی نییە؟ کاریگەریی بۆ سەر دڵ و جەرگ نییە؟

**دوکتۆر:** نەخێر بە هیچ شێوە، کاریگەرییەکەی خەوێکی قووڵ و خۆشە و بەس.

**مکانیک:** جا کە وایە چەند دەنکیش بدەن بە من.

**دوکتۆر:** کێشەی نییە، فەرموون. *[مشتێک حەب دەداتە مکانیکەکە و پیاوەکە و بە جەفەنگەوە دەڵێ]* پووڵی چاوپێکەوتنەکەشم پێ قەرزدار بن.

*[هەمووان پێدەکەنن.]*

**پیاو:** بێخەم بن دوکتۆر، ئیشەڵڵا تۆڵەتان بۆ دەکەینەوە.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** ئەگەر دەزانن باشە، بە منیش بدەن. *[دوکتۆرەکە حەب دەداتە ئەویش.]*

**دوکتۆر:** فەرموون.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** بۆ پشتم باشە؟

**دوکتۆر:** نا ئیدی! وتم خۆ: هەر بۆ خەوێکی قووڵ و خۆش.

**دایکی مکانیک:** جا ئەگەر وایە دوو سێ دەنکیش بدەن بە من.

**دوکتۆر:** بە سەر چاو. *[بەویش دەدا.]* فەرموون.

*[بۆ کچەکە]* وەرن خانم، ئێوە لە ئێمەش زیاتر پێویستیتان بەم حەبانەیە. *[چەند دەنک حەبیش دەداتە کچەکە.]*

**مکانیک:** ئەی بۆخۆتان دوکتۆر. بۆخۆتان ناخۆن؟

**دوکتۆر:** با، با، دەخۆم. *[چەند دەنکیش بۆ خۆی هەڵدەگرێ.]*

**پیاو:** *[چاوی بە پیاوی سەر باڵکۆنەکە دەکەوێ.]* ئەی تۆ؟ ناخۆی؟

*[بۆ دوکتۆر.]* نادەی بەو؟

**دوکتۆر:** قسەم نییە، ئەگەر بیهەوێ دەیدەمێ و کارم بە دژایەتی‌کردنەکەیەوە نییە؛ ئەرکی پزیشکیمە و دەبێ بیکەم.

**خزمەتگوزاری قوتابخانە:** دەتەوێ؟ ها؟ حەبت دەوێ؟

**پیاوی سەر باڵکۆن:** گوێم بدەنێ! دەزانم ئەم قسانە هەمووی بێسوودە، بەڵام دەبێ بڵێم ئێوە هیچتان لێ وەرنەگرتم، لانیکەم ئەم دوایین بەختە لە خۆتان دامەماڵن و خۆتان بە خەو مەسپێرن، ئەو حەبانە فڕێ بدەن.

**پیاو:** ئەوە چون دیتوویە پلانەکەی سەری نەگرتووە، دەیەوێ خەو لە چاومان نەکەوێ و ئەزیەت بین.

**دوکتۆر:** *[بۆ پیاوی سەر باڵکۆنەکە]* گوایە جەنابت حەزت لە ئارامی و ئاسایش نییە و خەوت پێ خۆش نییە.

**پیاوی سەر باڵکۆن:** نا، پێم خۆش نییە.

**دوکتۆر:** ئەی چیت پێ خۆشە؟

**پیاوی سه‌ر باڵكۆن:** ئیدی بێسووده.

**مكانیک:** باشتر وایه ئیدی ده‌مت داخه‌ی. چاو، هه‌ها، به‌شكم كوێراییت داتێ!

**خه‌ڵک:** چاو!چاو!

*[هه‌مووان له‌پڕ حه‌به‌كان له ده‌خه‌نه زاریان.]*

**پیاو:** بێزه‌حمه‌ت ئه‌و ئاوه‌م بده‌نێ.

*[هه‌مووان به نۆبه ئاو ده‌خۆنه‌وه.]*

**خزمه‌تگوزاری قوتابخانه:** ئێ، خۆ ئه‌مه خه‌وی لێ كه‌وتووه. *[ئاماژه به پیره‌پیاوه‌كه ده‌كا.]*

**دوكتۆر:** خۆ عه‌رزم كردن ئه‌م حه‌بانه یه‌ک و دوون. ئه‌گه‌ر ده‌ست نه‌بزێوین ڕه‌نگه هه‌ر له كۆڵان خه‌ومان لێ بكه‌وێ. ده‌ی به‌ڕێزان، شه‌وتان خۆش.

**مكانیک:** یارمه‌تی بده‌ن ئه‌م عه‌بدی خودایه ببه‌ینه‌وه ماڵه‌كه‌ی.

*[خزمه‌تگوزاری قوتابخانه‌كه و مكانیكه‌كه بن پیلی پیره‌پیاوه‌كه ده‌گرن و ده‌یبه‌نه‌وه ژووره‌وه.]*

**پیاو:** ئیشه‌ڵلا زیاتر به خزمه‌تت بگه‌ین، دوكتۆر.

**دوكتۆر:** هه‌ڵبه‌ت، هه‌ڵبه‌ت، شه‌وتان خۆش.

**پیاو:** خودات لێ ڕازی بێ.

**دایكی مكانیک:** عه‌مری درێژ بێ، زۆر پیاوێكی چاكه.

**پیاو:** پیاو هه‌یه تا پیاو! *[ئاماژه به پیاوی سه‌ر باڵكۆنه‌كه ده‌كا.]*

**دایكی مكانیک:** خودا نه‌كا.

هەمووان ماڵاوایی دەکەن و بە باوێشکدانەوە دەڕۆنە دەرەوە. دەنگی داخرانی دەرگەکان، کۆخە و باوێشکدان کۆتایی دێ. پیاوی سەر باڵکۆنەکە ماوەیەک دەوەستێ و سەیری خانووە چۆڵەکە دەکا. چراکان یەکبەیەک دەکوژێنەوە. پیاوی سەر باڵکۆنەکە تێڕاماوە و بیر دایگرتووە و چرای باڵکۆنەکە هەڵدەکا.ماڵەکەی تەواو ڕووناکە. دەنگی پڕخەپڕخ وردەوردە لە سەراسەری گەڕەکەوە بەرز دەبێتەوە. پیاوی سەر باڵکۆنەکە لە گۆشەیەکی باڵکۆنەکە بە نیگەرانییەوە خەریکی تەماشایە. بێدەنگی. پڕخەپڕخ. کاتوساتێکی قورسە...

دەرگەی خانووە چۆڵەکە بە ئەسپایی دەکرێتەوە. چەتەیەکی کەڵەگەت دێتە دەرەوە و بە دوای ئەویشدا ئەوانی دیکە. هەرکام کێردێکیان بە دەستی ڕاستەوە و دەستەکلیلێکیان بە دەستی چەپەوەیە. لە خانووی پیاوی سەر باڵکۆنەکە پارێز دەکەن کە چراکانی هەڵکراون و بۆ لای خانووەکانی دیکە دەچن. بە کلیلەکانی دەستیان دەرگەکان دەکەنەوە، بە پێدزکێ دەڕۆنە سەرەوە. ڕیزی چەتەکان بەردەوام دیمەنی شانۆکە پڕ دەکەن و هێرش دەبەنە کۆلانەکان. تەواوبوونیان نییە. پەلاماری گشت گەڕەکەکان و هەموو شارەکە دەدەن.

* هەر جۆرە کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک، پێویستی بە ئیزنی وەرگێڕ هەیە.